
دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بڵاوی دەکاتەوە

ژمارە ٧٨٦، پێنجشەممە ١٥ی خەزەڵوەری ١٣٩٩ی هەتاوی، ٥ی نۆڤامبری ٢٠٢٠


www.kurdistanmedia.com



**پەیامی «مستەفا هیجری» بە بۆنەی جێژنی مەولوود**

بەبۆنەی ڕۆژی لەدایکبوونی پێغەمبەری ئیسلام (دروودی خوای لێ بێ) پیرۆزبایی لە هەموو موسوڵمانانی دنیا،
بەتایبەت برا و خوشکانی موسوڵمان لە نەتەوەی کورد دەکەین.
هیواداریین کە لەم ڕۆژە دژوارانەی بڵاوبوونەوەی نەخۆشیی کۆرۆنادا،
نەتەوەکەمان ئەم ڕۆژە بکاتە هەوێنی هاوپێوەندی و پێکەوەبوونی زیاتر.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لێپرسراوی گشتی
مستەفا هیجری
٨ی خەزەڵوەری ١٣٩٩ی هەتاوی




**هەڵبژاردنەکانی ئامریکا و ئێمەی کورد!** ٤



**بۆچی ڕۆژاوا لە جەنگەکاندا سەر دەکەوێت؟** ٦




**کۆمەڵگایەکی دەوڵەمەند برسییەتی** ٨



**بەڵێ بۆ پشتیوانی لە هەنگاوە سیاسی و شۆڕشگێڕییەکانی حیزبی دێموکرات** ١٠

# خاڵی پێچەوانەی تاران




Olivier DOULIERY (AFP)

هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیی ئامریکا ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی ١٣ی خەزەڵوەر کۆتایی پێهات و ژماردنی دەنگەکان دەستیان پێکردووە بەڵام تاکوو ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە ئاکامی کۆتایی ڕانەگەیاندراوە کە کام یەک لە بەربژێرەکان دەبێتە ٤٦ەمین سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکا.

هەر دوو بەربژێری سەرۆکایەتیی ئامریکا چاوەڕوانی بردنەوە دەکەن، بەڵام کێبڕکێیەکە زۆر هەستیارە. لە هەندێک لە ویلایەتەکاندا «دانڵد ترامپ» لە پێشە و لە هەندێک ویلایەتیش جەو بایدن.

دانڵد ترامپ بەربژێری کۆماریخوازەکان دڵنیایی هەیە کە لەو هەڵبژاردنەدا سەر دەکەوێت.

بەڵام بایدن باس لەوە دەکات کە دەنگەکان دەریدەخەن کێ لەسەر کورسیی کۆشکی سپی دادەنیشێت.

هەر لە نێوئاخنی بژاردنی دەنگەکان و پێش لەوەیکە ئاکامی کۆتایی ڕابگەیەندرێت هەرکام لە ترامپ و بایدن پیرۆزباییان بە لایەنگرانی خۆیان وت و مژدەی سەرکەوتنیان ڕاگەیاند؛ تەنانەت کەمپەینی تەبلیغاتی ترامپ باسیان لەوە کرد کە لە چەند هەرێمدا ساختەکاری لە بژاردنی دەنگەکان کراوە.

لە هەڵبژاردنەکانی ئەمساڵدا ٢١٤ میلیۆن هاووڵاتیی ئامریکایی مافی دەنگدانیان هەیە کە لەو ڕێژەیە زیاتر لە ١٦٠ میلیۆن کەس بەشدار بوون. سەرجەم ٥٠ هەرێم وێڕای ناوچەی واشینگتۆن دی‌سی خاوەنی ٥٣٨ دەنگی ئێلێکتۆراڵن و هەر کام لەم دوو بەربژێرە بتوانن ٢٧٠ ئێلێکتۆڕاڵ وەدەست بهێنن دەبنە براوەی هەڵبژاردنەکان.

لەگەڵ ئەوەشدا ئامریکا تاکە وڵاتە لە هەموو دنیادا کە دوای ئەوەی کاندیدی سەرکۆماری بە زۆرینەی دەنگی هاووڵاتییان هەڵبژاردنەکان دەباتەوە، بەڵام هێشتا ناتوانێت ببێت بە سەرکۆماری ئامریکا، چونکە سەرکۆمار لە ڕێگای دەنگی «ئەنجومەنی هەڵبژاردن»ـەوە هەڵدەبژێردرێت نەک دەنگی ڕاستەوخۆی خەڵک.

هەڵبژاردنەکانی ئامریکا کارتێکەری لەسەر بەشێکی بەرچاو لە وڵاتانی جیهان و بەتایبەت ئێران دەبێت و هەر لەم ڕاستایەشدا ئەگەرچی سەرانی باڵای ڕێژیم وتوویانە بۆیان گرینگ نییە کە ئاکامی هەڵبژاردنەکان دەبێتە چی بەڵام کەس بڕوای بەو قسانەیان نیە و هەموو دەزانن کە بە چ نیگەرانییەکەوە دەڕواننە پرسەکە!

لەمەش زیاتر حەسەن ڕوحانی وتوویەتی: دەوڵەتی داواتری ئامریکا لە بەرامبەر ویست و خواستی ئێمەدا خۆ دەدات بە دەستەوە! ئەمەش لە کاتێکدایە کە لە سەردەمی سەرۆکایەتی دانڵد ترامپدا کۆماری ئیسلامی کەوتە دۆخێکی زۆر ئاڵۆز کە هەموو جمگەکانی دەسەڵاتی تارانی تەنییەوە و لە زۆر بوارەوە لەوانە ئابووری و سیاسییەوە ئەژنۆی شکاندن کە کاریگەری لەسەر باقی ڕەهەندەکانی ژیانیشی دانا و ڕەوایی خەیاڵی و وەهمی تارانی هێندەی دیکە خستە ژێر پرسیار بەچەشنێک کە هەنووکە چ لە ئاستی نێوخۆیی و چ لە ئاستی دەرەکیدا کۆماری ئیسلامی کەوتووەتە سەرەولێژیی لەنێوچوون و داڕووخان.

هەرچەند کە تاران دڵی بەوە خۆش کردووە کە بە دەنگهێنانەوەی بایدن کۆتایی بە ژیانی تاڵی دێت و دەتوانێ کۆنترۆڵی وەزعی ئێستە بکات بەڵام شرۆڤەکاران و کارناسانی کاروباری ئێران پێیان وایە هیچ جیاوازییەکی ئەوتۆ لەباری ستراتێژییەوە لە نێوان ترامپ و بایدن یان باقی سیاسەتمەدارانی ئامریکاییدا نییە چونکە لە بنەڕەتدا ئەوان پێڕەوی لە یەک ئەسڵ دەکەن ئەویش بریتییە لە سەروەری وڵاتەکەیان و هەموو سیاسەتەکانیان لەسەر بناغەی بەرژەوەندی خەڵکەکەیان دادەڕێژن؛ ئەمەش ڕێک خاڵی پێچەوانەی دەسەڵاتی تارانە!

# کۆرۆنا هەناسەی لە خەڵک بڕیوە

کۆرۆنا و نابەرپرسایەتی حکومەت لەئاست داهاتوو و گوزەرانی خەڵک بەتایبەت لە کوردستان دۆخێکی زۆر نەشیاوی پێک هێناوە کە وای کردووە تەنانەت بەشێک لە بەرپرسان و پزیشک و کادرە دەرمانییەکانیش بە نیگەرانییەوە باس لە دۆخی نەخۆشینی کۆرۆنا دەکەن و ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ نەبوونی خزمەتگوزاریی پێویستی پزیشکی و ئاوڕنەدانەوەی لایەنە پێوەندیدارە حکوومەتییەکان بە هۆکاری سەرەکی ئەم دۆخە ناو دەبەن کە ئەگەری هەیە قەیران و تراژێدیایەکی ئینسانی لێ بکەوێتەوە.

وەک شایەتحاڵان و خەڵکی کوردستانیش دەڵێن بەشێوەی نێونجی لە ڕۆژدا ٢٠ بۆ ٣٠ کەس لە هەر کام لە شارەکانی کوردستان بە هۆی کۆرۆناوە گیان دەدەن! ئەگەرچی تا ئێستە هیچ ناوەند و نیهادێکی حکومەتی ئامادە نەبووە ئامارێکی ڕاستەقینە لەسەر ڕێژەی تووشبووان و قوربانیانی ئێپیدیمی کۆرۆنا بدات بە دەستەوە بەڵام ئەوەیکە لە هەواڵ و ڕاپۆرتە پێوەندیدارەکان ڕا دیارە ئەم دۆخە مەترسیدارە تا دێت بەهۆی کەمتەرخەمییەکانی حکومەت خراپتر و ئاڵۆزتر دەبێتەوە.

هەر ئەمەش وای کردووە کە بەشێک لە پزیشک و کادرە دەرمانییەکان ناچار بن بۆخۆیان دەسپێشخەری بکەن و خۆبەخشانە بۆ خزمەت بە تووشبووان بەتایبەت چینی کەمداهات و بەساڵاچوو هەنگاو هەڵێننەوە.

بەپێی ئەم ڕاپۆرتانە دۆخی هەموو شارەکانی کوردستان بەهۆی کۆرۆناوە لە ماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوودا بە دۆخێکی مەترسیدار و نالەبار تێدەپەڕێت و نەخۆشخانە و ناوەندە تەندروستییەکانیش وەک پێویست وەڵامدەری پێڕاگەیشتن بەو ڕێژە زۆرەی تووشبووان نین.

بۆنموونە هەتا ئێستا زیاتر لە ٦٠٪ی تەختەکانی نەخۆشخانەکان لە پارێزگای سنە تەرخان و تایبەت کراوە بە نەخۆشەکانی ئێپیدێمیی کۆرۆنا؛ کەپسوولی ئۆکسیژێن یەکێک لە گرینگترین پێداویستییەکانی نەخۆشخانەکانە کە نەبوونی لە زۆربەی نەخۆشخانەکانی کوردستان هەست پێ دەکرێ و زۆرێک لە نەخۆشەکان بەهۆی نەبوون یان کەمبوونی ئۆکسیژین گیانیان لە دەست داوە.

جیا لەوەی ئۆکسیژێن لە ئێستەدا زۆر بە زەحمەت دەس دەکەوێت، بینای زۆربەی نەخۆشخانەکانیش کۆنن و نۆژەن نەکراونەتەوە و ئێستەش بە شێوازی کۆن و لە ڕێگەی کەپسوولەوە ئۆکسیژێن بۆ نەخۆشەکان دابین دەکەن.

جیا لەم مەسەلە کەمیی کادری پزیشکی بۆ پێڕاگەیشتن بە نەخۆشەکان و هەروەها کەمیی دەرمان بوونەتە کۆمەڵەهۆکارێکی جیددی کە ڕێژەی مردنی هاووڵاتییان بە کۆرۆنا لە کوردستان بەردەوام زیاد و زیادتر ببێتەوە.

## پەیڤ

## کورد و ئامریکا

**کەریم پەرویزی**

لە دوو ڕۆژی ڕابردوودا کە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی لە ئامریکا بەڕێوە چوو، وێڕای زۆر باس و بابەتی سیاسی کە لەو بارەوە دێتە ئاراوە، دووبارە باسێکی دیکەش سەری هەڵدایەوە کە گەر ترامپ ببێتە سەرکۆمار بۆ کورد بە قازانجە یان بایدێن زۆرتر بە قازانجی کورد دەبێ؟

بەپێی سەنگ و ڕۆڵی ئامریکا لە سیاسەت و ئابووری و پێوەندی و باڵانسە نیزامییەکان لە جیهاندا، هیچ وڵاتێك و ڕەنگە هیچ حیزبێك لە جیهاندا نەبێ کە بەرامبەر هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی لە ئامریکا بێ دەنگ و بێ هەستیاری بێ و گوێی لێ نەبێ کە چی ڕوو دەدا، بەڵام لە ناوچەیەکی ئاڵۆزی وەکوو ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، ئەو هەستیارییە یەکجار زۆرترە و دەنگهێنانەوەی ئەم یان ئەو کاندیدا لە سەرۆکایەتیی ئەمریکادا، لانیکەم لە سەر ژیانی سیاسی و ئابووریی چەند ساڵەی لەپێشە کاریگەریی دادەنێ، گەر نەڵێین کاریگەریی چارەنووسساز دادەنێ!

بەڵام کورد لەم هاوکێشە سیاسییەدا بە کام لایاندا قازانج دەکا و بەکام لایاندا خەساری لێ دەکەوێ بەوردییەکەی زۆرەوە ڕوون و دیار نییە، چوونکە کورد لە چوار وڵاتە و هەر کام لەو وڵاتانە بەنیسبەت ئامریکاوە زاویەی تایبەتی خۆیان هەیە و دوور و نزیکییان لە ئەم کاندیدا یان ئەو کاندیدا دەبێتە هۆی قازانج و خەساری کورد لە کاندیدا دژبەرەکەی!

بۆ وێنە لە تورکیە گەر دەسەڵاتی حاکم نزیك لە ترامپ بێ و پێی خۆش بێ کە ئەو دەنگ بێنێتەوە، ئەوکات کوردەکانی دژبەری حکومەتی تورکیە پێیان خۆش دەبێ کە بایدێن دەنگ بێنێتەوە یان لە ئێران کە ترامپ گوشاری زۆرتری بۆ ڕێژیمی ئێران هێناوە و وەلیی فەقیە لەخودایە هەرچی زووتر ترامپ بڕوا، کوردەکانی دژبەری ڕێژیمی تاران پێیان خۆشە ترامپ بمێنێتەوە.

بەڵام یەك فاکتۆری زۆر گرنگ هەیە کە نابێ فەرامۆش بکرێ.

هەرچەند زۆرجار دەگوترێ کە سیاسەتی ستراتژیکی ئامریکا بە پێی حیزبەکانی کۆماری یان دێموکرات دیاری ناکرێ و دامەزراوەی تایبەتتر هەیە کە لەوێوە ستراتژی بەرهەم دەهێنرێ، بەڵام کرداری تاکتیکیی هەرکام لەو حیزبانەی کۆماری و دێمۆکرات، لەسەر ئێمە دەبێ بە بڕیاری چارەنووسساز!

بەو مانایە کە ئەوەی بۆ ئەوان تاکتیکە، لەسەر ئێمە ستراتژییە!

درێژە لە لاپەڕەی ٣

## پەیامی «مستەفا هیجری» بەبۆنەی کۆچی دوایی دوکتور «نەجمەدین کەریم»





هەواڵێک گەیشت کە دوکتور» نەجمەدین کەریم» تێکۆشەری دێرینی خەباتی کوردایەتی و ئەندامی پێشووی دەفتەری سیاسیی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، ڕۆژی هەینی ٣٠ی مانگی ئۆکتۆبر لە نەخۆشخانەیەکی ئامریکا کۆچی دوایی کرد.

دوکتور نەجمەدین کەریم لە بڕگەیەکی هەستیاری مێژوویيدا پارێزگاری کەرکووک بوو و هەر لە سەردەمی ئەودا ئاڵای کوردستان لەسەر پارێزگای کەرکووک هەڵ کرا.

وێڕای خەباتی دوورودرێژی دوکتور نەجمەدین لە ڕێبازی ڕزگاریی کوردستان، دۆستێکی دێرین و بەئەمەگی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیش بوو. بەم بۆنەوە سەرەخۆشیی خۆمان پێشکەش بە هەموو ئەندامانی بنەماڵەکەی و کەسوکاری خوالێخۆشبوو و هەموو ئۆگرانی سەربەستیی کوردستان دەکەین و خۆمان لە پەژارەیاندا بە بەشدار دەزانین.

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**لێپرسراوی گشتی**
**مستەفا هیجری**
**١٠ی خەزەڵوەری ١٣٩٩**
**٣١ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٠**

## مستەفا هیجری: جەلال مەلەکشا، شێعری کردبوو بە سەنگەری نیشتمان




پەیامی هاوخەمی
بەداخەوە مەرگی نابەجێ لەم پاییزەدا مەزنێکی دیکەی بۆ هەمیشە لە گەلەکەمان ئەستاند. شاعیری خاوەن هەڵوێست و نەتەوەیی، جەلال مەلەکشا ڕۆژی شەممە ماڵاوایی یەکجاریی لێ کردین و هەر چەند بە جەستە لە نێو خەڵکدا نەما بەڵام شێعرەکانی قەڵایەکن بۆ نیشتمانپەروەری و بەردەوام و هەمیشە زیندوون لەنێو دڵی گەلدا.

جەلال مەلەکشا، شێعری کردبوو بە سەنگەری نیشتمان و وشەی کردبوو بە چەک بۆ دژایەتیی دوژمنان و بە حەق نەتەوەکەی خۆشیان دەویست و بۆ مەرگی داخدارن.

بەبۆنەی کۆچی دوایی شاعیری نیشتماپەروەر و نەتەوەیی، جەلال مەلەکشاوە، سەرەخۆشی لە بنەماڵەی و کەسوکاری و هەموو کۆمەڵگای ئەدەبیی کوردستان و هەموو نیشتمانپەروەرانی کورد دەکەین.

**ڕۆحی شاد و یادی بەرز و هەمیشەیی**
**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**لێپرسراوی گشتی**
**مستەفا هیجری**
**١١ی خەزەڵوەری ١٣٩٩**

## پەیامی «مستەفا هیجری»، لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات بەبۆنەی جێژنی خاوەنکار



نەخۆشیی کۆرۆنا جێژنی خاوەنکاریشی گۆڕی و بەداخەوە ڕێگەی نەدا کە هاونیشتمانییانی کوردمان بەپێی ئایینی یاری، جێژنی خۆیان لە شوێنە پیرۆزەکانیان بەڕێوە ببەن. وێڕای پیرۆزبایی ڕێوڕەسمی تایبەت بەو جێژنە کە لە ڕۆژانی ڕابردوو بەڕێوە چوون و ڕۆژی جێژنی کۆتاییەکەی لە هەموو پێڕەوانی ئایینی یاری و لە یارسانییانی هاونیشتمانمان، هیواداریین کە نەخۆشی و نەهامەتی لەسەر کوردستانەکەمان دوور بکەوێتەوە تاکوو هەموو هاونیشتمانانمان بە ئاشتی و ئارامی بژین و یاد و بۆنە پیرۆزەکانیان بەڕێوە ببەن.

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**لێپرسراوی گشتی**
**مستەفا هیجری**

## پەیامی حیزبی دێموکرات بەبۆنەیساڵڕۆژی کۆچی دوایی هەڤاڵ «حەمید دەروێش»

بەڕێز: مەکتەبی سیاسیی پارتی دێموکراتی پێشڤەرۆی کورد ـ سووریا
وێڕای سڵاوێکی دۆستانە
هیوادارین لە خەبات بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی گەلی کورد لە ڕۆژئاوای نیشتماندا سەرکەوتوو بن.

بەڕێزان!
ڕۆژی ٢٤ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٠ ساڵیادی کۆچی دوایی تێکۆشەری دێرینی گەلەکەمان و سکرتێری ماندوونەناسی پارتە شۆڕشگێڕەکەتان مامۆستا «حەمید دەروێش»ە.

بەم بۆنەوە بە ناوی ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە پێویستی دەزانین سڵاوی ئەمەگناسی و ڕێز و وەفامان پێشکەش بە گیانی پاکی ئەو خەباتگێڕە سەربەرزەی گەلەکەمان بکەین و لەگەڵ ئێوە هەڤاڵانی بەڕێز و درێژەدەرانی ڕێگا و ڕێبازی کاک حەمید دەروێش هاودەردی بکەین و هیوای سەرکەوتن بۆ وەدیهێنانی ئامانج و ئاواتەکانی بخوازین و لەسەر پێوەندیی دۆستانەی هەر دوو حیزبی دۆست و برایش، لە بەرەوپێشبردنی ئامانجە هاوبەشەکانمان جەخت بکەینەوە.

**بەرز و بەڕێز بێت یاد و ناوی خەباتگێڕی گەلەکەمان هەڤاڵ حەمید دەروێش**
**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**دەزگای پێوەندییە گشتییەکان**
**محەممەدنەزیف قادری**

## دەزگای پەروەردە و لێکۆڵینەوە دەورەیەکی سیاسیی بەڕێوە برد




حەوتەمین دەورەی سیاسیی ئاستی دوو بەشی یەکەم بۆ پێشمەرگەکان لەلایەن دەزگای پەروەردە و لێکۆڵینەوە بەڕێوە چوو.

لە درێژەی بەرنامەی کاریی دەزگای پەروەردە و لێکۆڵینەوە و بەپێی بەرنامەیەکی داڕێژراو، حەوتەمین دەورەی سیاسیی ئاستی دوو بەشی یەکەم تایبەت بە پێشمەرگەکان، دوای یەک مانگ بەڕێوەبردنی کلاس و وتنەوەی وانە، کۆتایی بە کارەکانی خۆی هێنا. ئەم دەورەیە لە ڕێکەوتی ١٢ی ڕەزبەری ١٣٩٩ی هەتاوی دەستی پێکرد و لە ڕێکەوتی ١٢ی خەزەڵوەری ١٣٩٩ی هەتاوی کۆتایی پێهات. لەم دەورەیەدا کۆمەڵێک وانە پێشکەش بە بەشداربووانی دەورەکە کرا کە بریتی بوون لە: «بەرنامە و پەیڕەوی حیزبی دێموکرات ـ مێژووی حیزب ـ ئامانجی دوارۆژ ـ فێدراڵیزم ـ دێموکراسی ـ پرسی بەرابەریی ژن و پیاو ـ کاری ڕێکخراوەیی بە کۆمەڵ ـ ساختار و سیاسەتەکانی ڕێژیم ـ لێدواندەری بۆ خەڵک ـ ئەمنییەت ـ سیاسەت و هەڵوێستەکانی حیزب و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان».

سەرجەم ١١٤ کاتژمێر وانە بۆ بەشداربووان وتراوەتەوە و بەشێک لە وانەکان تاقیکارییان بۆ ئەنجام دراوە کە لە کۆتاییدا ئەم هاوڕێیانە وەک نەفەراتی یەکەم تا سێیەم دیاری کراون:
نەفەری یەکەم: «ئاسۆ مینبەری»، بە نێونجی ١٩.٨١
نەفەری دووەم: «موزەفەر کەریمی»، بە نێونجی ١٩.٤٤
نەفەری سێیەم: «ناسر فەتحی»، بە نێونجی ١٩.٤٣

لە دوای کۆنگرەی ١٦ی حیزبی دێموکرات و جەختکردنەوە لەسەر گرینگیی زیاتری پەروەردە لەنێو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا، دەزگای پەروەردە و لێکۆڵینەوە هەوڵی داوە کە بە بەردەوامبوونی لەسەر ئەرکی پێگەیاندنی ئەندامانی حیزب، گۆڕانکاریش لە مێتۆد و شێوازی بەڕێوەبردنی دەورەکاندا پێک بهێنێت کە وڵامدەری ئێستای خەبات بێت.

## پەیامی پیرۆزبایی حیزبی دێموکرات بۆ «مستەفا ئۆزچەلیک»



بەڕێز: کاک مستەفا ئۆزچەلیک، سەرۆکی گشتیی پارتی ئازادیی باکووری کوردستان
لەگەڵ ڕێز و سڵاوی شۆڕشگێڕانە و هیوای ساغی و سڵامەتیتان
بەڕێز!
ئاگاداری بەستنی دووەمین کۆنگرەی پارتە تێکۆشەرەکەتان لەلایەن هەڤاڵانمانەوە کراین و جارێکی دیکەش بەڕێزتان متمانەی سەرۆکی گشتیی پارتەکەتان لەلایەن نوێنەران و ئەندامانی ڕێبەرییەوە پێ بەخشراوە.
بەم بۆنەوە بە پێویستمان زانی کە بە ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە گەرمترین پیرۆزبایی لە بەڕێزتان و ئەندامانی سەرکردایەتی و هەموو جەماوەری حیزبە تێکۆشەرەکەتان بکەین و هیوای سەرکەوتن لە بە ئەنجامگەیاندنی بڕیاراتی کۆنگرە و هەنگاوە نەتەوەییەکانتان لە پێناو وەدیهێنانی ئامانجە سیاسی و نەتەوەییەکانی گەلی کورد لە باکووری کوردستان بۆ بە ئاوات بخوازین.
لە کۆتاییدا جارێکی دیکە پیرۆزباییتان لێ دەکەین.

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**دەزگای پێوەندییە گشتییەکان**
**محەممەدنەزیف قادری**

## ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران کۆ بوونەوە

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران کۆ بوونەوە و چەندین بابەتی وەک دۆخی سیاسیی ئێستای کوردستان و ئاڵوگۆڕەکانی ناوچەیان خستە بەر باس. لەو کۆبوونەوەیەدا باس لەوە کرا، پرۆسەی ئاشتیی عەرەب و ئیسرائیل هاوسەنگیی هێزی لە ناوچەکە بە زیانی ڕێژیمی تاران گۆڕیوە.

ڕۆژی ٥ی خەزەڵوەری ١٣٩٩ی هەتاوی (٢٠٢٠/١٠/٢٦) ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران کۆبوونەوەیەکیان بە شێوەی ئانلاین بەڕێوە برد.

سەرەتای کۆبوونەوەکە بە ڕاگرتنی چەند ساتێک بێدەنگی بۆ یادی گیانبەختکردووانی ئەم دواییانەی دەستی تاوانی کۆماری ئیسلامی دەستی پێکرد. پاشان یەکەم تەوەری کۆبوونەوەکە کە هەڵسەنگاندن، تاوتوێکردنی بارودۆخی ئێستای ئێران و ناوچەکە و کاریگەرییەکانی هەڵبژاردەکانی ئامریکا بوو لەسەر ناوچەکە، خرایە بەر باس و نوێنەرانی حیزبەکانی ئەندام لە ناوەند ڕا و بۆچوونی خۆیان لەمبارەیەوە خستە ڕوو.

لەم باسەدا بە ئاماژە بە دۆخی ئێستای ئێران و کوردستان لە سەردەمی پەرەسەندنی دووبارەی پەتای کۆرۆنا، بۆ جارێکی دیکە جەخت لەسەر ئەوە کرایەوە کە دەسەڵاتدارانی ئێران نەک هەر نەیانتوانیوە لەم قەیرانەدا هاوکار و یارمەتیدەری خەڵک بن، بەپێچەوانەوە بڵاوبوونەوەی ئەم نەخۆشییەیان کردە ئامرازێک بۆ بێدەنگکردنی زیاتری خەڵک.

ئەگەرچی هاتنی کۆرۆنا بۆ ماوەیەکی کاتی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی لە ئێران و کوردستانی کەم کار کرد، بەڵام بەهۆی ناکارایی ڕێژیم لە پێدانی خزمەتگوزاریی سەرەتایی و دۆخی دژواری ئابووریی خەڵک، زیاتر لە جاران ڕق و بێزاری لە دەسەڵاتی نگریسی کۆماری ئیسلامی لەنێو کۆمەڵانی خەڵکی ئێران و کوردستاندا پەرەی سەندووە.

هەیئەتی نوێنەرایەتیی حیزبەکانی ناوەند هەروەها هاوڕابوون لەسەر ئەوەیکە هەتا دێت دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لە دەرەوەی سنوورەکانی خۆی و بەتایبەت لە وڵاتانی ناوچەکە کەمتر دەبێت.

پرۆسەی ئاشتیی عەرەب و ئیسرائیل هاوسەنگیی هێزی لە ناوچەکە بە زیانی ڕێژیمی تاران گۆڕیوە، لەلایەکی ترەوە بەهۆی سیاسەتی نوێی دەوڵەتی عێراق و بە پشتگیریی ئامریکا هەتا دێت میلیشیاکانی سەر بە ئێران لەم وڵاتە دەسەڵاتیان نامێنێت و هێژمۆنیی کۆماری ئیسلامی کەم دەکات.

نیشانەکان وا دەردەخەن کە کۆماری ئیسلامی بەهۆی گوشاری دەرەکی و دۆخی نێوخۆی ئێران، لە ناوچەکەدا لە حاڵی پاشەکشەیە و سیاسەتی هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران بەرەو شکان هەنگاو دەنێت.

کاریگەرییەکانی هەڵبژاردنەکانی ئامریکا لەسەر ئێران و ناوچەکە لە میانەی ئەم تەوەرەدا قسە و باسی لەسەر کرا و جەخت لەوە کرایەوە کە ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ئامریکا بە قازانجی کۆمارییەکان بێت یان دێموکراتەکان، سیاسەتی ئامریکا لە بەرامبەر ئێران گۆڕانی ئەوتۆی بەسەردا نایەت و ئامریکا بەپێی بەرژەوەندییەکانی خۆی سیاسەت دەکات، بەڵام ڕەنگە میکانیزمی دێموکراتەکان و کۆمارییەکان بۆ سنووردارکردنی دەسەڵاتی ئێران جیاوازییان هەبێت و دێموکراتەکان بەرامبەر بە ئێران زیاتر نەرمی بنوێنن.

لە ئەنجامدا ئاکامەکەی ئەوە دەبێ کە گەمارۆکان لەسەر ئێران چڕوپڕتر دەکەن و ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوە کە تێچووی ئەو گەمارۆیانە لە تەواوییەتی ڕێژیم شوێندانەر دەبێت، لێرەدا ئەوەی بۆ ئێمە گرینگە دەبێ بە پشتبەستن بە ئیرادەی گەلی کورد و هێزی پێشمەرگە گڕوتینێکی زیاتر ببەخشین بەو خەباتە.

ئەگەری چەندین سناریۆ بۆ داهاتووی ئێران قسە و باسی لەسەر کرا کە دەستبەسەرداگرتنی سەرجەم جومگە ئابوری و سیاسییەکانی ئێران لەلایەن سپای پاسداران وەک هێزێکی سەرەکیی پارێزەری کۆماری ئیسلامی یەکێکە لەو سیناریۆیانە. بەڵام ئەوەی ئاشکرایە کە جووڵانەوەی ناڕەزایی خەڵک لە کۆماری ئیسلامی لە هەر حاڵەتێکدا ڕەوتی خۆی دەپێوێت و ڕق و بێزاریی گەلانی وەزاڵەهاتووی ئێران لە ئان و ساتی تەقینەوەدایە بەرووی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی. لە کۆتایی ئەم باسەدا لایەنەکان جەختیان لەسەر کاراترکردنی ناوەندی هاوکاری کردەوە و پێیان وابوو کە ناوەندی هاوکاری دەتوانێت بە بەئەنجام گەیاندنی پرۆژە و پلانەکانی خۆی لە داهاتووی کوردستانی پاش کۆماری ئیسلامی دەور و نەخشی سەرەکی بۆ پێکهێنانی یەکگرتوویی لەنێوان خەڵک و حیزبەکانی کوردستان بگێڕێت. لە درێژەی کۆبوونەوەکەدا چەندین تەوەری پەیوەندیدار بە کارەکانی ناوەند قسە و باسیان لەسەر کرا.

## بە خۆڕێکخستنەوەمان ڕاسان بەهێزتر و هیواکان گەشاوەتر دەکەین




ڕێکەوتی ٣٠ی ڕەزبەری ١٣٩٩ی هەتاوی، کۆنفرانسی کۆمیتەی بێستوون لە «دێگەڵە»، سەر بە ڕێکخستنی ئاشکرای حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەژێر ناوی «بە خۆ ڕێکخستنەوەمان، ڕاسان بەهێزتر و هیواکان گەشاوەتر دەکەین» بە ئامادەبوونی «حوسێن نازدار» ئەندامی هەیئەتی ئیجرایی ناوەندی سیاسی، «تاهیر مەحموودی» بەرپرسی دەزگای ڕێکخستنی گشتی، «سەلیم زەنجیری» بەرپرسی دەزگای هەڵبژاردن، «عەلی سۆرانی» بەرپرسی یەکەی کارگێڕیی دێگەڵە و بە بەشداریی ژمارەیەک لە ئەندامانی کۆمیتەی بێستوون بەڕێوە چوو. کۆنفرانسەکە بە سروودی نەتەوەیی «ئەی ڕەقیب» و خولەکێک بێدەنگی بۆ گیانی پاکی شەهیدانی کورد و کوردستان دەستی پێکرد.

دوای وەرگرتنی دەنگی مەشرووعییەتی کۆنفرانس باسێکی سیاسی لەلایەن «حوسێن نازدار» ئەندامی هەیئەتی ئیجرایی ناوەندی سیاسییەوە پێشکەش کرا. ناوبراو لە سەرەتای قسەکانیدا ئەرک و ڕەساڵەتی حیزبی دێموکراتی لە بڕگە جیاوازەکانی خەباتی خۆیدا بۆ بەشداران شی کردەوە و ڕایگەیاند، دێموکراسی یەکێک لە پایەکانی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە و ئەم حیزبە باوەڕێکی قووڵی بە دەنگی خەڵکی هەیە و لە دوارۆژی ئازادیی ئێران و کوردستاندا سندووقی دەنگەکانە کە کێشەکان و هاوکێشەکان یەکلا دەکاتەوە. «حوسێن نازدار» لە درێژەی وتەکانیدا، نەتەوە ستەملێکراوەکانی ئێرانی بە هاوچارەنووسی گەلی کورد زانی و وتیشی کە حیزبی دێموکرات لە چوارچێوەی کونگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فێدراڵدا هاوکارییان دەکات.

لە کۆتاییدا ڕایگەیاند کە ڕەوایی ڕێژیم لە ئاستی نێوخۆیی و دەرەکیدا چووەتە ژێر پرسیارەوە و بە دیکتاتۆرییەت، ئاژاوەنانەوە و هەناردەکردنی تیرۆر و توندوتیژی، چیتر ناتوانێت درێژە بە تەمەنی نگریسی خۆی بدات. لە بڕگەی دیکەی کاری کۆنفرانس، ڕاپۆرتی کۆمیتەی پێشوو بە نوێنەرایەتیی «مورتەزا مورادوەیسی» پێشکەش کرا.

دوای تێبینی و پێشنیاری بەشدارانی کۆنفرانس، بەرپرس و بەڕێوەبەری نوێی کۆمیتە هەڵبژێردران. هەروەها ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ٩ی خەزەڵوەری ١٣٩٩ی هەتاوی، کۆنفرانسی کۆمیتەی «جێژنیکان» سەر بە ڕێکخستنی ئاشکرای حیزبی دێموکرات بە ئامادەبوونی «محەممەدساڵح قادری» بەرپرسی پێوەندییە کوردستانییەکانی حیزب، «تاهیر مەحموودی» بەرپرسی دەزگای ڕێکخستنی گشتی، «سەلیم زەنجیری» بەرپرسی دەزگای هەڵبژاردن و بە بەشداریی ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەندامانی کۆمیتەی جێژنیکان بەڕێوە چوو. کۆنفرانسەکە بە سروودی نەتەوەیی «ئەی ڕەقیب» و خولەکێک بێدەنگی بۆ گیانی پاکی شەهیدانی کورد و کوردستان دەستی پێکرد. دوای وەرگرتنی دەنگی ڕەوایەتیی کۆنفرانس، باسێکی سیاسی لەلایەن «محەممەدساڵح قادری» بەرپرسی پێوەندییە کوردستانییەکانی حیزبەوە پێشکەش کرا. ناوبراو لە سەرەتای قسەکانیدا باسی لەوە کرد کە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە ئەگەری گۆڕانکاریدایە و هاوکێشەکان لەسەر بنەمای بەرژەوەندی ڕێک دەخرێن و ناکۆکییەکان زیاتر لەو شوێنانەدایە کە کوردستانیان لەسەر دابەش کراوە.

«محەممەدساڵح قادری» لە درێژەی وتەکانیدا باسی لەوە کرد، لە هەموو کێشە و ئاژاوەکاندا جێ پێی کۆماری ئیسلامی دیارە، بەخۆشییەوە لەو وڵاتانەی کە کێشە دەخولقێنن، تێرۆریستەکانی سەر بە کۆماری ئیسلامی لەژێر گوشاردان و چیدی کۆماری ئیسلامی ناتوانێت وەکوو پێویست پارەیان بۆ دابین بکات. لە بڕگەیەکی دیکەدا «قادری» ئاماژەی بەوەدا کە ڕێژیم بۆ دەربازبوون لەو قەیرانە ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی و ژینگەییە و داهاتووی لەرزۆکی خۆی گوشارەکان لەسەر خەڵکی ئێران زیاتر دەکات و پەتای کۆرۆنای کردووە بە بەهانەیەکی مەترسیدار بۆ سەر خەڵک کە لە ماڵەوە بمێننەوە و بەو شێوازە وا هەست دەکات کە دەتوانێت دەنگی ئازادی و ڕای جیاواز کپ یان بێدەنگ بکات، بەڵام خەڵک لەژێر گوشاردان و ئەگەری تەقینەوەی خەڵک بۆ سەر شەقامەکان و ڕاپەڕین دژی ئەو ڕێژیمە زۆرترە لە جاران. لە بڕگەی دیکەی کاری کۆنفرانس، ڕاپۆرتی کۆمیتەی پێشوو لەلایەن «زەکیە سدقی» پێشکەش کرا. دوای تێبینی و پێشنیاری بەشدارانی کۆنفرانس و پەسندی ڕاپۆرتی کۆمیتە، شێواز و مێکانیزمی هەڵبژاردن و دەنگدان و هەروەها سیستەمی ئەلیکترۆنی لەلایەن «سەلیم زەنجیری» بەرپرسی دەزگای هەڵبژاردنەوە بۆ بەشداران شی کرایەوە. دوایین بڕگەی کاری کۆنفرانس بریتی بوو لە هەڵبژاردنی بەڕێوەبەریی نوێی کۆمیتە کە لە کەشێکی ئازاد و دێموکراتیکدا بەڕێوە چوو و بەڕێوەبەریی نوێی کۆمیتە هەڵبژێردران.

## پشتیوانییەکان بۆ هیزی پێشمەرگەی کوردستان و حیزبی دێموکرات بەردەوامن




لە شاری بۆکان بۆ ڕێزگرتن لە شەهیدانی مانگی خەزەڵوەری ٩٨ چالاکیی تەبلیغی بەڕێوە چوو.

ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شاری «بۆکان» بەبۆنەی یەکەمین ساڵوەگەڕی شەهیدانی مانگی خەزەڵوەری ٩٨ چالاکیی بەرینی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات لەو چالاکییە تەبلیغییەدا ڕێزیان لە شەهیدانی مانگی خەزەڵوەری ساڵی ڕابردوو لە «بۆکان، مەریوان، کرماشان، سنە و جوانڕۆ» گرت.

لەو چالاکییەدا بە بڵاوکردنەوەی سی دی و نووسینی دروشمی «سەرکەوێ ڕاسانی شاخ و شار»، «بژی حیزبی دێموکرات» ئەمەگناسی و وفاداریی خۆیان بە ڕێبازی ئەو شەهیدانە دووپات کردەوە.

ئەو شوێنانەی شاری «بۆکان» کە چالاکیی تێدا کراوە بریتین لە: «بلواری ئازادەگان هەتا عەلیاوا، سێڕێیانی خاوەران هەتا چوارڕێیانی ئیتلاعات، فەلەکەی فەرمانداریی و بلواری کوردستان».

لەلایەکی دیکەوە دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی شار لە جەولەیەکی سیاسیدا لە ناوچەی نەغەدە کۆبوونەوەیان بۆ خەڵک گرتووە و لەبارەی دۆخی ئێستای کوردستان و سیاسەتەکانی حیزب قسەیان بۆ خەڵک کردووە.

ئێوارەی ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی ٢٩ی ڕەزبەری ١٣٩٩ی هەتاوی، لە نەغەدە، جەولەیەکی سیاسیی پێشمەرگانە لەلایەن دەستەیەک لە پێشمەرگەی شار بەڕێوە چوو.

کاتژمێر ٦:٣٠ی ئێوارە، دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی شار، سەر بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە کردەوەیەکی سیاسی و پێشمەرگانە لە ناوچەی نەغەدە بە نێو خەڵکدا گەڕاون و سەردانی گوندی «ماسوێ» سەر بە شاری نەغەدەیان کردووە.

لەو گەڕانە پێشمەرگانەدا دەستەی پێشمەرگەکانی شار بە دروشمی شۆڕشگێڕانەوە چوونەتە نێو گوندی «ماسوێ» و خەڵک بە پێشوازییانەوە ڕۆیشتن.

پێشمەرگەکانی شار دوای گەڕان بە نێو گونددا، ڕۆیشتنە مزگەوتی گوندەکە و لە تریبوونی مزگەوتەوە چەند وتەیەکیان سەبارەت بە سیاسەتەکانی حیزبی دێموکرات و دۆخی ئێستای خەبات بۆ خەڵک قسەیان کردووە.

دوای گەڕانی سیاسی و پێشمەرگانە بە نێو گونددا و دیدار و پێشوازیی خەڵک، دەستەی پێشمەرگەکانی شار، گوندەکەیان بەجێهێشتووە و گەڕاونەتەوە بۆ شوێنەکانی خۆیان.

ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە ئەنجامدانی چالاکییەکی تەبلیغی ئامادەیی خۆیان بۆ هەر چەشنە ئەرکێکی حیزبی دەربڕی.

ڕێکەوتی ٤ی خەزەڵوەر، پێشمەرگەکانی شار لە گوندی «ڕەحیم خان» سەر بە بۆکان، چالاکییەکی تەبلیغییان بۆ پشتیوانی لە حیزبی دێموکرات و ڕاسان بەڕێوە برد.

ئەندامانی حیزب لەو چالاکییەدا چەندین تراکت و نووسراوەیان بڵاو کردەوە؛ هەروەها بە بڵاوکردنەوەی سروود بەنێو گوندەکەدا بانگەشەی خەبات بۆ ڕزگارییان کرد.

دروشمەکانی ئەو چالاکییە بریتی بوون لە: «بژی قازی، قاسملوو و شەرەفکەندی، بژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، سەرکەوێ ڕاسان».

هەروەها ئەندامانی حیزب لەو چالاکییەدا هۆشدارییان بە جاش و خۆفرۆشەکان داوە کە دەست لە خۆفرۆشی هەڵبگرن، ئەگەرنا بە سزای کاریان دەگەن.

لەلایەکی ترەوە ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە بۆکان بۆ جارێکی دیکە چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

تێکۆشەرانی دێموکرات لەو چالاکییەدا لەگەڵ ڕێبازی شەهیدان پەیمانیان نوێ کردەوە.

ئەندامانی حیزبی دێموکرات لەو چالاکییە تەبلیغییەدا ڕێزیان لە شەهیدانی مانگی خەزەڵوەری ساڵی ڕابردوو لە «بۆکان، مەریوان، کرماشان، سنە و جوانڕۆ و...» گرت.

ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شاری بانە بە بڵاوکردنەوەی پۆستێری شۆڕشگێڕی و هەڵدانی ئاڵای کوردستان پشتیوانیی خۆیان لە حیزبی دێموکرات دووپات کردەوە.


لاوانی خەباتکاری شاری بانە بە هەڵدانی ئاڵای کوردستان لەسەر بەرزایی « قەڵای بابۆس» بە نووسینی دروشمی «حیزبی دێموکرات تەنیا نییە، بانە پشتیوانییەتی» پەیمانی وەفاداریی خۆیان لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران تازە کردەوە.

پێشمەرگەکانی شار لە بانە ئامادەیی خۆیان بۆ بە ئەنجام گەیاندنی هەر ئەرکێکی حیزبی ڕاگەیاندووە.

### درێژەی پەیف

لەو نێوەدا چ کۆماری و چ دێموکرات لە سەر کار بێ، هەرکام تاکتیك و شێوەی جیاوازی خۆیان بۆ سیاسەتکردن هەیە و ئێمەی کوردی بۆ وێنە کوردستانی ڕۆژهەڵاتیش دەبێ هەوڵ بدەین کە لە نێو تاکتیك و شێوازە جیاوازەکانیاندا، بەرژەوەندیی نەتەوەیی خۆمان بدۆزینەوە و دەستنیشانی بکەین، چوونکە خەبات و سیاسەت بە لۆژیك و وردبینی دەکرێ نەك بە پێخۆشبوون و حەز.

# هەڵبژاردنەکانی ئامریکا و ئێمەی کورد!



شەماڵ تەرغیبی

لە ماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا و هاوکات لەگەڵ مشتومڕ و پڕوپاگەندای بەربژێرەکانی سەرۆکایەتی لە ئامریکا کە وەک یەکێک لە گرینگترین ڕووداوەکانی ساڵ دەناسرێ و تێیدا ٤٦مین سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکا دیاری دەکرێ کارتێکەری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی لەسەر ڕەوشی ژیان لە زۆربەی وڵاتانی جیهان هەبوو کە ئەمەش بۆ پێگە و نفووزی ئامریکا لەڕووی سیاسی، ئابووری، سەربازی، ئەمنیەتی و تەنانەت فەرهەنگییەکەی لە ئاستی جیهانیدا دەگەڕێتەوە. لەم نێوانەدا کەم نەبوون ئەو دەزگا و لایەنانەی کە بەدواداچوونی وردیان بۆ ڕووداوە پێوەندیدارەکان بە هەڵبژاردنی ٢٠٢٠ی ئامریکا دەکرد و لە گۆشەنیگای جیاوازەوە هەوڵی شرۆڤەکردنی هەڵبژاردنەکان، ئەنجامەکانی و سیاسەتی دوارۆژی ئامریکایان دەکرد کە هەر کام بەپێی بەرژەوەندی خۆیان و بە بیرکردنەوە لە کاریگەرییەکانی ئەم هەڵبژاردنە لەسەر دەوڵەت و نەتەوەی خۆیان شرۆڤەیان بۆ دەکرد؛ کە ئەمە پرسێکی سروشتییە و ئەگەر وانەبێ نائاسایی دێتە بەرچاو بەڵام لەم نێوانەدا ئەوەیکە بۆ ئێمەی کورد بەتایبەت لە کوردستانی ڕۆژهەڵات دەبێ گرینگ بێ یان گرینگە چییە؟

پێش لەوەیکە وڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوە کە بەڕاستی کورد دەبێ چۆن مامەڵە لەگەڵ ئامریکای پاش هەڵبژاردن بکات پێویستە کە ئاوڕێکی خێرا لە ویستی کۆمەڵگای کوردستانی پێش لە هەڵبژاردنەکان بدەینەوە. کەم نەبوون ئەو تاکانەی لە کوردستانی ڕۆژهەڵات وەک حەزێک کە لە ناخیاندا هەبووە پێیان خۆش بوو کە دانڵد ترامپ ببێتە براوەی هەڵبژاردنەکان و جارێکی تر سەرۆکایەتی ئەم وڵاتە بگرێتە دەست. بەڵام بۆچی؟ دەنگهێنانەوەی ترامپ و دۆڕانی بایدن لە هەڵبژاردنەکانی ئامریکا چی بۆ کوردی ڕۆژهەڵات تێدایە کە بەپێچەوانەی کورد لە باشوری کوردستان بیر دەکاتەوە؟

پێش لە هەموو شتێک دەبێ بۆ وڵامدانەوە بەم پرسیارانە ئاراستەی ڕوانینەکەمان تاکڕەهەندی نەبێت و تەنیا لە لایەنی سیاسییەوە لێکی نەدەینەوە بەڵکوو پێویستە کە لایەنی سایکۆلۆژیک یان دەروونناسی کۆمەڵایەتی مژارەکەش لەبەرچاو بگرین و بەو شێوەیە هەوڵ بدەین لە هۆکارەکانی ئەم پرسە بکۆڵینەوە تاکوو بە وڵامێکی ئەرێنی و درووست بگەین.

کورد بەسەر چوار وڵاتی جیاوازدا دابەش کراوە و تێڕوانینی هەر کام لەم پارچانە بۆ هاوکێشە ناوچەیی و جیهانییەکان بەپێی سرشتی خەبات و شۆڕشی خۆیانە و بەرژەوەندی خۆیان لە چ پرسێکدا ببیننەوە لەو گۆشەنیگاوە دژایەتی یان پشتیوانی لە هۆکارە دەرەکییەکان دەکەن.

بۆنموونە کورد لە باشووری کوردستان لە ئێستەدا پێویستی بەوە هەیە کە پردێکی پێوەندی قایم لەگەڵ واشینگتۆن ساز بکات کەواتە بیر لەوە دەکاتەوە داهاتووی سیاسی و ئابووری ئەو لای کام یەک لە حیزبەکان پارێزراوتر دەبێ. جیا لەمەش نابێ لەبیرمان بچێ کە «هەست»ی کورد یان «شعور»ی کورد (Feeling) لە باشوور بەپێچەوانەی ڕۆژهەڵات «هەست»ێکی باوکسالارانەیە کە دەیهەوێ بڕیار بدات، حوکم بکات و قسەی کۆتایی هی خۆی بێت و هەموو منداڵەکانی گوێڕایەڵی بن. بەڵام لە ڕۆژهەڵاتدا «هەست»ی کورد «هەست»ێکی دایکانەیە کە دەیهەوێ سۆز و بەخشندەییەکانی فراوانتر بێ و زۆر جاران خۆشەویستی و سۆز زاڵ دەبێ بەسەر بیرکردنەوەکانیدا و میهرەبانی (هەندێ جار لەڕادەبەدەریش) ئاوێتەی بڕیارەکانی دەبێ؛ ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەیکە کوردی ڕۆژهەڵات زیاتر فیداکاری نواندووە لەئاست کوردستان و تێچووی زۆر قورسیشی بۆ داوە.بۆ نموونە لە ڕابردوودا بینیومانە کە کورد لە ڕۆژهەڵات هەموو کات ئامادە بووە کە خۆی فیدا بکات بۆ پارچەکانی تر کە ڕەنگە بەرچاوترین نموونەی لە پشتیوانییەکانی کوردی ڕۆژهەڵات لە پارچەکانی تر بەرجەستە ببێتەوە؛ لە کۆڕەوی کوردی باشوور بۆ ڕۆژهەڵات لە ساڵی ٩١ی زایینی، لە کاتی بوردومانی شیمیایی هەڵەبجە، لەکاتی گیرانی عەبدوڵا ئۆجالان، لەکاتی جینایەتەکانی قامیشلوو، لەکاتی بەڕێوەچوونی ڕێفراندۆمی سەربەخۆیی و دەیان نموونەی بەرهەستی دیکەش. بەڵام ئەم نەستە لە پاش ڕووداوەکانی چەند ساڵی ڕابردوو گۆڕانی بەسەردا هاتووە؛ بەو مانا کە ڕەنگە کوردی ڕۆژهەڵاتیش لە داهاتوودا بەو شێوەی ڕابردوو سەیری پرسەکانی دەوروبەری خۆی نەکات. ئەگەر ئەم مەسەلە بکەینە پێوەرێک بۆ شێوەڕوانینی کورد لە پێوەندی لەگەڵ هەڵبژاردنەکانی ئامریکا دەتوانین بڵێین کورد لە باشوور (وەک لە لێدوان و ڕاپرسییەکانیشدا دەردەکەوێ) زیاتر پێیان وایە کە جەو بایدن ببێتە براوەی هەڵبژاردنەکان قازانجی زیاتری تێدا دەکەن کە ڕەنگە بەشێکی بۆ ئەو ڕقە بگەڕێتەوە کە لە کاتی ڕێفراندۆم و ڕووداوەکانی کەرکووک لای خەڵک لەم بەشەی کوردستان درووست بوو. بەڵام کورد لە ڕۆژهەڵات بەپێچەوانەوە بیر دەکاتەوە و سەرباری «کوردبوونی» هەر دوولا دەبینین کە دوو ڕوانین و بۆچوونی جیاواز هاتووەتە گۆڕێ.

لێرەدا ئەو پرسیارە جارێکی تر خۆی دەردەخات کە بۆچی زۆرینەیەک لە خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵات پێیان وایە دەنگهێنانەوەی ترامپ بە قازانجیانە؟ ئایا ترامپ پارێزەری بەرژەوەندییەکانی کورد دەبێ؟

کوردستانی ڕۆژهەڵات هەموو کات بەشێک بووە لەو هاوکێشانەی کە ڕووبەڕووی داگیرکەران و دیکتاتۆران بووەتەوە بەو واتایە کە هەم بۆخۆی بووەتە بەرهەڵستکاری دوژمن و هەمیش بووەتە مایەی گیانگرتنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی لە سەرانسەری ئێراندا و هانی باقی نەتەوەکانی نیشتەجێ لەو وڵاتەی داوە کە بێدەنگ نەبن؛ هەر بەو پێیەش دەبینین کە زۆرترین زەخت و گوشار و جینایەتەکانی بەرامبەر کراوە و دەوڵەتی ناوەندی هەموو کات هەوڵی داوە کە بە لەپێخستنی، کۆتایی بە بزووتنەوەی ئازادیخوازی لە ئێراندا بهێنێ.

لەم ڕاستایەشدا لە هیچ کردارێک دریغی نەکردووە، هەر لە شەڕ و کوشتار و تیرۆر و ئەنفالەوە بگرە تا دەگاتە سووکایەتی پێکردن و کاڵوکرچ نیشاندانی تواناییەکانی کورد و هەوڵدان بۆ شکاندنی کەرامەت و کەسایەتی ئەو.

بەکورتی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی زیاتر لە ٤٠ ساڵی ڕابردوو هەمیشە لە سەر ئەو ڕێڕەوە هەنگاوی ناوە کە بەچاوی سووکەوە سەیری کورد بکات و بە سەرشۆڕی بیبینێتەوە و بە کاڵفام و تێنەگەیشتوو بیناسێنێ.

ئەم مەسەلە لە ناخی خۆیدا بووەتە مایەی ئەوەیکە هەموو کات دژمن و دژبەری کۆماری ئیسلامی لای کورد لە ڕۆژهەڵات ببێتە دۆست! و ئەو ڕستە مانایەکی تێروتەسەل بەخۆی بدات کە دەڵێ:»دژمنی دژمنەکەم دۆستمە«. دۆستێکی مەعنەوی کە دەتوانێ سووکایی‌بەخشی زیاتر لە ٤٠ ساڵ بێڕێزی و گاڵتەپێکردنەکانی داگیرکەر بێت. ئەگەر ئەم مەسەلە بکەینە پێوەرێک بۆ هەڵسەنگاندنەکەمان دەتوانین بڵێین هۆکاری پێخۆشبوونی کورد لە ڕۆژهەڵات لەمەڕ دەنگهێنانەوەی دانڵد ترامپ،بۆ ئەو کردارانەی ناوبراو دەگەڕێتەوە کە لە چوار ساڵی ڕابردوودا ترامپ توانی دژمنی کورد واتە کۆماری ئیسلامی بکاتە دەسمایەی گاڵتەجاڕ چ لە نێوخۆ و چ لە دەرەوەی ئێران. هەر لە کوشتنی قاسم سولەیمانییەوە بگرە کە کۆماری ئیسلامی زۆری شایی پێی بوو و وەک وەدیهێنەری خەونەکانی لە ناوچەدا لێی دەڕوانی تاکوو خستنە لیستی تێرۆری سپای پاسداران کە دەیان و سەدان جینایەتی لە کوردستان ئەنجام داوە و تا دەگاتە دابەزاندنی نرخی تمەن و بەرزکردنەوەی نرخی دۆلار و بەکورتی بەچۆکداهێنانی کۆماری ئیسلامییەک کە دوژمنی کوردە و دەیهەویست هەیمەنەی خۆی بەسەر گەلانی ئەم وڵاتە و ناوچەشدا زاڵ بکات. لەم بەشەدا ئەو پرسە دووبارە خۆی دەردەخات کە خۆ کورد دەزانێ مەرج نییە بەپێی حەزی ئەو سەرۆکی وڵاتێکی وەک ئامریکا هەڵبژێردرێ کەواتە ئەگەر ئەو لایەنەی کە کورد خۆشی دەوێ دەنگ نەهێنێتەوە

## کورد دەبێ چی بکا؟

لێرەدا دەبێ پێمل بەو کەتوارە بین کە ئەگەرچی فاکتەری دەرەکی و یەک لەوان هاتنەسەرکاری دەوڵەتێکی بەهێزی دژبەر لەگەڵ تاران دەتوانێ نەخش و دەور و کاریگەریی پۆزەتیڤی لەسەر بزووتنەوەی مافخوازانە لە کوردستان و ئێران هەبێ و زیاتر لە پێشووش دەستی تێرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی کورت بکاتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بزووتنەوەی کورد نابێ تەنانەت خۆی بە ژێرکۆمەڵەیەکی ئەو لایەنە دەرەکییە بزانێت و لەژێر ڕکێفی ئەو لایەنە دەرەکییەدا چالاکی بنوێنێ. بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کورد لە کوردستانی ئێران بزووتنەوەیەکی حەقخوازانەی کوردستانییە کە لە ناخی کۆمەڵگای کوردستاندا سەری هەڵداوە، گەشەی کردووە و سەرباری هەموو لەمپەڕەکانی سەر ڕێگای بەردەوام بووە و هەیە لە خەبات. ئەوەیکە بۆ گۆڕانکاری لە داهاتووی ئێران پێویستیی هەنووکەییە و کورد نابێ لە بیری بکات لەڕاستیدا پشتبەستنە بە تواناییەکانی خۆی لەپێوەندی لەگەڵ بەجەماوەریترکردنی خەبات و هەوڵدان بۆ ڕێکخستنێکی تۆکمە لەدژی داگیرکەر.

سیاسەت پرسێک نییە کە بە سۆز و خۆشەویستی بکرێ و بەپێچەوانەوە پرسێکی لۆژیکییە کە لەسەر بناغەی بەرژەوەندی دادەڕێژرێ و کاری پێدەکرێ؛ کەواتە کورد دەبێ چاوەڕوانی ئەنجامی دڵخوازی خۆی نەبێت و هەموو کات وەک ئەگەرێک سەیری بژاردەکانی بەردەستی بکات و هەوڵ بدات کە بەرژەوەندی خۆی گرێ بدات بە بەرژەوەندییە ناوچەیی و بانناوچەییەکانەوە. واتە دەبێ و پێویستە کە بە خوێندنەوەی ڕێئالیستییانە لە هاوکێشەکان، هەل و دەرفەتەکان لە قازانجی خۆی بقۆزێتەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا نابێ هیچ کات ئەو ڕاستییەمان لە بیر بچێ کە ئەو کاتەی کورد دەستی بە خەبات بۆ وەرگرتنی مافە زەوتکراوەکانی کرد ئامریکا دژایەتی لەگەڵ ڕێژیمی زاڵ بەسەر ئێراندا نەبوو کەواتە لە چوارچێوەی بەرژەوەندییەکانی کورددا ئامریکا خۆی نابینێتەوە . بەو پێیەش نەک ئامریکا بەڵکوو هیچ وڵاتێکی دیکەی جیهانیش لە بەر «خاتر»ی کورد ئامادە نییە تێچووی قورس بدات تاکوو کورد بە مافەکانی بگات! مەگەر ئەوەیکە بەرژەوەندی خۆی لە وەها پڕۆسەیەکدا ببینێتەوە کە ئەمەش بەستراوەتەوە بەوەیکە: یەکەم کورد چەندە دەتوانێ شوێندانەر بێت لەسەر ناوچەیەک کە شەڕی بۆ دەکات و دووهەم چەندە دەتوانێ پارێزگاری لە بەرژەوەندییەکانی ئەو لایەنە زلهێزە بکات. کەواتە ئەگەر بمانهەوێ باسەکە کۆ بکەینەوە دەتوانین بڵێین:

١. دڵخۆشکردنی کورد بە لایەنێک بۆ ڕزگارکردنی لە بنەڕەتڕا هەڵەیەکی کوشندەیە.

٢. پاراستنی سەربەخۆیی لە بڕیاردان کە گرێدراوە بە داهاتوو و بەرژەوەندییە باڵا نەتەوەییەکان دەبێ ببێتە پێوەری کاربۆکردن.

٣. کورد دەبێ ڕیزەکانی خۆی ڕێک بخات بۆ ئەوەی ببێتە هێزی شوێندانەر کە لە ئەژمار بێت و بخوێندریتەوە.

٤. هاوکات لەگەڵ هەوڵدان بۆ یەکریزکردنی خۆی ببێتە هاندەرێکی بەهێز کە تەنانەت ساپۆرتی ماڵی و مەعنەوی لایەنە خەباتگێڕەکانی تر سەر بە نەتەوەکانی تریش بکات بۆ شۆڕش و خەبات.

٥. دەزگای دیپلۆماسی کورد بە بێ لەبەرچاوگرتنی ئینتمای سیاسی و ئایدیای جێگەی پەسندی حیزبی و تەنیا لە چوارچێوەی بەرژەوەندی «کورد» هەنگاو بنێ و لە ناوەندە دەسەڵاتبەدەستەکاندا چالاکی بکات.

٦. میدیای کوردی دەبێ ئینتمای نیشتمانی بەدوور لە حەز و خۆشویستن یان ڕق لە نیو گەلدا پەرە پێ بدات و تاکی کورد وەئاگا بێنێتەوە لەئاست ماف و ئەرکە ئەخلاقی و نیشتمانییەکانی.

**کوردستانی ڕۆژهەڵات هەموو کات بەشێک بووە لەو هاوکێشانەی کە ڕووبەڕووی داگیرکەران و دیکتاتۆران بووەتەوە بەو واتایە کە هەم بۆخۆی بووەتە بەرهەڵستکاری دوژمن و هەمیش بووەتە مایەی گیانگرتنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی لە سەرانسەری ئێراندا و هانی باقی نەتەوەکانی نیشتەجێ لەو وڵاتەی داوە کە بێدەنگ نەبن؛**

**سیاسەت پرسێک نییە کە بە سۆز و خۆشەویستی بکرێ و بەپێچەوانەوە پرسێکی لۆژیکییە کە لەسەر بناغەی بەرژەوەندی دادەڕێژرێ و کاری پێدەکرێ؛ کەواتە کورد دەبێ چاوەڕوانی ئەنجامی دڵخوازی خۆی نەبێت و هەموو کات وەک ئەگەرێک سەیری بژاردەکانی بەردەستی بکات و هەوڵ بدات کە بەرژەوەندی خۆی گرێ بدات بە بەرژەوەندییە ناوچەیی و بانناوچەییەکانەوە**

**نەک ئامریکا بەڵکوو هیچ وڵاتێکی دیکەی جیهانیش لە بەر «خاتر»ی کورد ئامادە نییە تێچووی قورس بدات تاکوو کورد بە مافەکانی بگات! مەگەر ئەوەیکە بەرژەوەندی خۆی لە وەها پڕۆسەیەکدا ببینێتەوە**

# هەڵبژاردنی ئامریکا و ڕوانـــــگەی ڕێژیمی ئێران

جەمیل کولاهی



هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئامریکا کۆتایی هات، هەڵبژاردنێک کە لە سەر هەموو دنیا کاریگەریی هەیە، چونکە ئامریکا لەباری نیزامی و ئابوورییەوە گەورەترین هێزی دنیایە و تەنیا خۆی خاونی ٢٥٪ ی ئابووریی دنیایە، کە هەر ئەم خاڵە وا دەکات کە گۆڕانکاریی سیاسی لەو وڵاتەدا لە سەر هەموو دنیا کاریگەری دابنێ. یەکێک لەو وڵاتانە کە لەگەڵ ئامریکا کێشەی سیاسیی هەیە، ئێرانە، لە ئێراندا ڕێژیمێک لە سەر کارە کە لە سەر ئەساسی ئیدئۆلۆژیک دامەزراوە، ئیدئۆلۆژییەکی دژە ئامریکا کە ئامریکا بە شەیتانی گەورە دەزانێ و خەریکی شەڕی ئیدئۆلۆژیک لەگەڵ ئەو وڵاتەیە. ڕێژیمی ئێران هەر لە سەرەتای دامەزرانەوە ئیدئۆلۆژییەکی بۆ خۆی داناوە کە ئامریکا وەک شەیتان پێناسە دەکات، دیارە شەیتان لە نێو ئایینی ئیسلامدا سەرەکیترین دژمنی خودایە و موسوڵمان دەبێ تا کۆتایی ژیانی لە بەرانبەریدا جیهاد بکات و هەر موسوڵمانێک لە گەڵ شەیتان سازش بکات لە دین دەردەچێ و دەبێتە شەریکی شەیتان و قەتڵی دەبێتە ئەرک. لە ناو ئەم ئیدئۆلۆژییەدا خودا لە ناوەندە و خەڵک لە پەراوێز. بۆیە پیرۆزییەکی تایبەت دەبەخشنە ئیدئۆلۆژییەکە و هەر کەس دژایەتی ئیدئۆلۆژییەکە بکات، بە دژمنی خودا وەسفی دەکرێت. هەر بۆیە لە ئێراندا بە دژبەرانی ڕێژیم دەڵێن مۆحارب، یانی ئەوەی کە لە گەڵ خودا شەڕ دەکات. واتە ئیدئۆلۆژییەکە لە گەڵ خودا هاوتەراز دەکەن و کەس بۆی نییە تەنانەت ڕەخنەیەکیشی لێ بگرێ. لە وەها ئیدئۆلۆژییەکدا کە خەڵک لە پەراوێزی خودای ناو ئیدئۆلۆژییەکەیە، نە گیان و ماڵی و نە ژیان و کەرامەتی چوکترین بایەخیان نییە. کاتێک خومەینی وەک بنیاتنەری ئیدئۆلۆژییەکە دەڵێ ئابووری هی گوێدرێژە، لە وڵامی گەمارۆی ئابووریدا دەڵێ، ئێمە نان و پەنیری خۆمان دەخۆین و لە سەر پێی خۆمان ڕادەوەستین، ئەمە دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە ئەم ئیدئۆلۆژییە لە بنەڕەتدا لە بیری ژیان و گوزەرانی خەڵکدا نییە و خەڵک لە ناوەندی ئیدئۆلۆژییەکەیدا نییە! هەر بۆیە بەبێ بیرکردنەوە لە خەڵک دەبێتە هۆی سەپاندنی قورسترین سزای ئابووری بە سەر ئێراندا! لە سەر ئەم بنەمایەیە کە دەبینین هەر لە سەرەتای دامەزرانەوە، ڕێژیمی ئێران بە داگیرکردنی باڵوێزخانەی ئامریکا، شەڕ دژی ئەو وڵاتە ڕادەگەیەنێ. ئەم شەڕە ئەوە بۆ ماوەی زیاتر لە چوار دەیەیە درێژەی هەیە و ئێستا گەیشتۆتە لووتکە. وەلانانی بەرجام و گەمارۆ و زەختە ئابووری و سیاسییەکانی ترامپ سەرتۆپکی ئامریکا بۆ سەر ئێران و تەنانەت کوشتنی باڵاترین فەرماندەی نیزامیی ڕێژیم لووتکەی ئەم شەڕەن. گەمارۆکانی ئامریکا خەریکە ئابووریی ئێران دادەڕمێنێ، خەڵک لە هەموو شارەکانی ئێراندا بە ڕاشکاوانە دژی ڕێژیم و ڕێبەرانی پلە یەکی ئەو ڕێژیمە دروشم دەدەن. سەرەڕای ئەو هەموو زەختە لە سەر ڕێژیم، سپای پاسداران وەک باسکی نیزامی و ئیدئۆلۆژیکی ڕێژیم ڕاست لە شەوی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئامریکادا سیستمی مووشەکیی نوێ تاقی دەکاتەوە کە بە وتەی حسێن سەلامی فرماندەی گشتیی سپای پاسداران سیستمێکی نوێیە و پێشکەوتووتر لە سیستمەکانی ڕابردوویە. ئەم تاقیکردنەوە خۆی دەمانباتەوە سەر چییەتی ئیدئۆلۆژییەک کە ڕێژیمی لە سەردا دامەزراوە، ئیدئۆلۆژییەک کە ئامریکا تێیدا شەیتانی گەورەیە، ڕێژیمی ئێران بەم کارە دەیهەوێ بڵێ بۆ ئێمە جیاوازی نییە کە چ کەسێک دەڕواتە کۆشکی سپی و دەبێتە سەرکۆماری ئامریکا، ئەو کەسە هەر کەسێک بێت بۆ ئێمەی ئیدئۆلۆژیک سەنبۆلی شەیتانی گەورەیە و وەک سەرۆکە پێشووەکانی ئامریکا لە بەرەی شەیتاندایە.

**ئەوەیکە ئەو خۆشباوەڕییە پێک هاتووە کە گوایا ئەگەر جەو بایدن سەر بکەوێ، گۆڕانکاری لە ئێراندا پێک دێ، ئێران دێتە سەر مێزی وتووێژ و کێشەکان چارەسەر دەبن، لەوەوە سەرچاوە دەگرێ کە ئەوانەی کە هەڵگری ئەو بۆچوونەن، ئیدئۆلۆژی ڕێژیمی ئێرانیان نەناسیوە، واتە شوێنی خەڵک، خودا، شەیتانی گەورە و بەرژەوەندی نیزام نە خەڵکیان لە ناو ئەو سیستمەدا لێ تێکچووە!**

ئەوەیکە ئەو خۆشباوەڕییە پێک هاتووە کە گوایا ئەگەر جەو بایدن سەر بکەوێ، گۆڕانکاری لە ئێراندا پێک دێ، ئێران دێتە سەر مێزی وتووێژ و کێشەکان چارەسەر دەبن، لەوەوە سەرچاوە دەگرێ کە ئەوانەی کە هەڵگری ئەو بۆچوونەن، ئیدئۆلۆژی ڕێژیمی ئێرانیان نەناسیوە، واتە شوێنی خەڵک، خودا، شەیتانی گەورە و بەرژەوەندی نیزام نە خەڵکیان لە ناو ئەو سیستمەدا لێ تێکچووە! لە ڕابردوودا. سەرۆکی زۆر نەرمئاژۆتر لە بایدن لە ئامریکادا هاتۆتە سەر کار و بە توندی کاری کردووە بۆ پێوەندیی گرتن بە ڕێژیمەوە، بەڵام سەری نەگرتووە، بۆ؟ ئاشتبوونەوە لە گەڵ ئامریکا بۆ ڕێژیمی ئێران بەهایەک بە قەد تێداچوونی ڕێژیمەکەی بە دواوەیە، چونکە لە پلەی یەکەم چییەتی ئیدئۆلۆژیکیی ڕێژیم بە تەواوی دەگۆڕدرێ، چونکە شەیتانی ناو ئیدئۆلۆژییەکەی دەبێتە دۆست و یان شەریکی تیجاری. ئەم ڕووداوە لە باری شەرعییەوە حەرامە و ڕێژیم دەچێتە ژێر پرسیار، نفووزی ڕێژیم لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناڤین ڕاست لە سەر بە شەیتان ناسینی ئامریکاوە ڕاوەستاوە، واتە ئەوە کۆڵەکەیەکە لە ناو ئیدئۆلۆژی ڕێژیمدا کە هەموو گرووپە تیرۆریستییەکانی ناوچە لە حیزبوڵای لۆبنانەوە بگرە تا حەشدی شەعبی و حوسییەکانی یەمەن و گرووپە ئیسلامییەکانی فەلەستین و ئەفغانستان و هتد، لە سەر ئەو کۆڵەکەیە ڕاوەستاون. بۆیە دەبینین تەنانەت لە سەردەمی خاتەمی کە وتووێژی شارستانییەتەکان دێنێتە ئاراوە، دەوڵەتی ئامریکا بۆ ئەوەی لە گەڵ ئێراندا پێوەندیی ساز بکاتەوە دان بە هەڵەی خۆیدا لە کودەتای ٢٨ی گەلاوێژدا دادەنێ، دان بە هەڵەی لێدانی فڕۆکەی نەفەرهەڵگری ئێران لە کەنداو دادەنێ، ئۆباما هەوڵێکی یەکجار زۆر دەدات کە لە گەڵ سەرکۆماری ئێران قسە بکات، کە ئەگەر ئەمانە ڕووی دابا دۆخی ئابووریی ئێران ئاڵوگۆڕی جیدیی پۆزێتیڤی بەسەردا دەهات و لەو دۆخە شپرزە ڕزگاریی دەبوو، بەڵام بە هۆی بەربەستی ئیدئۆلۆژیک نەکرا. کەوابوو ئەو قسەیەی خامنەیی لە ڕۆژی هەڵبژاردنی ئامریکا و بە بۆنەی ١٣ی خەزەڵوەر ڕۆژی داگیرکردنی باڵوێزخانەی ئامریکا لە تاران کردی و گوتی، هەر کەس لە ئامریکا بێتە سەرکۆمار بۆ ئێمە جیاوازی نییە، بەتەواوی ڕاستە، چونکە ڕێژیم بە یەک چاو، تەماشای ئامریکا دەکات و ئەویش شەیتانی گەورەیە و بەردەوام پێویستیی بە ئاژاوە و ئاڵۆزی لەگەڵ شەیتانی گەورە هەیە تاکوو هەموو کەموکووڕییەکانی بخاتە ئەستۆی ئامریکا. ڕێژیم لە لایەکەوە بە شێواندنی دۆخی ئەمنی ناوچەکە پەرە بە دەسەڵاتی خۆی دەدات و لە لایەکی دیکەوە دەزانێ ئەگەر خەڵک لە ئێران تێر بن و دۆخی ئابوورییان باش بێ دەکەونە بیری ئازادی سیاسیش، بۆیە هیچکات نایهەوێ خەڵک باری ئابوورییان چاک بێت و دەیهەوێ تەنیا بە ژیانێکی مەمرەوبژیوە خەریکیان بکات و نان بکاتە تەنیا موشکیلەیان و قەد بە ئازادییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان بیر نەکەنەوە.

**ئاشتبوونەوە لە گەڵ ئامریکا بۆ ڕێژیمی ئێران بەهایەک بە قەد تێداچوونی ڕێژیمەکەی بە دواوەیە، چونکە لە پلەی یەکەم چییەتی ئیدئۆلۆژیکیی ڕێژیم بە تەواوی دەگۆڕدرێ، چونکە شەیتانی ناو ئیدئۆلۆژییەکەی دەبێتە دۆست و یان شەریکی تیجاری**

# باندۆری هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا لە سەر ئێران



زرێبار

سەبارەت بە هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا شرۆڤەی جۆراوجۆر کراوە و دەکرێ، ژیانی سیاسی ئەو کوێخای جیهانە بێگومان بە ڕێژەی کەم و زۆر کاریگەری لە سەر هەموو لایەک و تەنانەت تاکەکانیش هەیە هەر بۆیە سەبارەت بە هەڵبژاردنەکانی ئەو وڵاتە هەستیارن.
گرنگی و پێگەی سیاسی و نیزامی ئەمریکا لە جیهاندا وەک هێزێکی نێوبژیوان وایە کە ڕۆڵی لە ڕاگرتنی باڵانسی نێودەوڵەتیدا هەیە و لەو بوارەوە هەموو وڵاتێک لە کاتی تەنگانە و شەڕدا وەک چەترێکی ئەمن و لانیکەم ئاشتیپارێز پەنای بۆ دەباتەوە.
جا سیاسەتی ئەمریکا بەو مەزنییە ئایا ئەوەندە ساکارە کە بە هەڵبژاردنێکی ئاسایی و دامودەزگایەکی دیار و بەرچاو بەڕێوە بچێ.
بەشی زۆری سیاسەتی ئەمریکا پێوەندی بە دنیای دەرەوە هەیە هەر بۆیە بەڕێوەبەری ئەو سیاسەتە ئاڵۆزە بێگومان پێوەندی بە دامودەزگاگەلێکی شاراوە و ئاکادیمییەوە هەیە کە ڕێڕەو و بەرنامەی سیاسی ئەمریکا و جیهان بەڕێوە دەبات.
بە کورتی دەتوانین بڵێین کە هەڵبژاردنی سەرکۆماریی ئەو وڵاتە پێوەندی بە خوێندنەوە و ویست و داخواز و سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکاوە هەیە سەبارەت بە دۆخی هەنوکەیی و داهاتوو.
بە پێی ئەو هەڵسەنگاندنە بێ دەتوانین بڵێین کە هەڵبژاردنی سەرکۆماری لەو وڵاتە ئەندازیاری ئەکرێ بەڵام لە ئیختیارات و ئەرکەکاندا دەسەڵاتی زیاتر دەبێ.
لە سیاسەتی ئەمریکادا بگۆڕی ڕێکخراوەیی (متغییر سازمانی ) ڕۆڵی زیاترە لە بگۆڕی تاکەکەسی (متغییر فردی ) هەر بۆیە دەتوانین بێژین هەڵبژێرانی هەرکام لە کاندیداکانی دوو حیزبی سەرەکی ( ترەمپ و بایدن) بە پێی ویستی بگۆڕە ڕێکخراوەییەکانن نەک هەڵبژاردنی ڕاستەقینە.
ئەمریکا ناچارە لە بەر ڕازی کردنی بیروڕای گشتی ناوخۆ و دەرەوە هەڵبژاردنی ئازاد بەو هەموو تێچووە بەڕێوە بەرێ بەڵام لە ڕاستیدا ئەو هەڵبژاردنە پرۆسەیەکی دێموکراتیکە کە سەرکۆماری لە پێشدا هەڵبژێراوی پێدا دەڕوات.
لە دیاریکردنی سیاسەتی ئەمریکادا گرووپ و تاقمگەلی گوشار (گرووەفشار) تا ڕادەیەکی زۆر دەور ئەگێڕن کە دەتوانین یەهوودییەکانی ئەمریکا وەک یەکێک لەو گروپە کاریگەر و شوێندانەرانەی نێو دەزگای دەسەڵات ناو ببەین کە بریار و هەڵوێستەکانی ئەمریکا لە خۆرهەڵاتی ناوین ڕاستەوخۆ ڕاوێژی ئەو گرووپەی لە سەرە و تەنانەت دەبێ بڕیارەکانی ئەمریکا لەو ناوچە ئەگەر بەرژەوەندی ئیسراییلی تێدا نەبێ لانیکەم دەبێ بێ زەرەر بێ سەبارەت بەو وڵاتە.
بەرژەوەندی ئیسراییل لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکادا چ کۆماری بێ یا دێموکرات پارێزراوە.
ئەوەی سەبارەت بەو هەڵبژاردنەی ئەمریکا گرنگە ئەوەیە کە دۆخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست زۆر ئاڵۆز بووە. قودس بووە بە پێتەخی ئیسراییل.

**لە سیاسەتی ئەمریکادا بگۆڕی ڕێکخراوەیی (متغییر سازمانی ) ڕۆڵی زیاترە لە بگۆڕی تاکەکەسی (متغییر فردی ) هەر بۆیە دەتوانین بێژین هەڵبژێرانی هەرکام لە کاندیداکانی دوو حیزبی سەرەکی (ترەمپ و بایدن) بە پێی ویستی بگۆڕە ڕێکخراوەییەکانن نەک هەڵبژاردنی ڕاستەقینە**

پرۆژەی ئاشتی وڵاتانی عەرەبی و ئیسراییل نیوەناتەواو ماوەتەوە.
ئێران وەک سەرچاوەی ئاڵۆزی و تیرۆر لە هەوڵی لەحزەبیدایە بۆ دەستپێراگەیشتن بە چەکی کۆکوژ.
بایکوتەکانی ئێران، کۆریای باکوور، کۆمپانییە چینی و ڕوسییەکان و هەروەها ئەحزابی تیرۆریست وەک حیزبوڵا بۆ ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی تێچووی زۆری هەبووە و هەر بۆیە ئەو پرۆژە مەزنە بە نیوەچڵی جێ ناهێڵێت. ئەو فاکتانە و زۆر فاکتی دیکەش لە دیاریکردنی سیاسەتەکانی ئەمریکادا ڕۆڵی هەیە تەنانەت ئەگەر دێموکراتەکانیش بن کە سیاسەتەکانیان ناوخۆیی و گۆشەگیرانەیە.
کۆماری ئیسلامی سەبارەت بە هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا سەرلێشێواوە. بۆ نموونە زۆر کەس و لایەن و شرۆڤەکاری ئێرانی پێیان وایە کە هەڵبژێرانی بایدن، دۆخی ئێران ئاسایی دەکاتەوە.
ئەوەی ڕاستی بێ هەڵبژێرانی بایدن بە ئەندازەی ترەمپ بۆ ئێران خەسارە.
هەڵاوسانی ئابووری لە ئێران لە ئاستێکدایە کە پووکانەوە و بچووک کردنەوەی نە ئیمکانی هەیە و نە هیچ سەرمایەدار و خاوەن کارگە و کارخانەیەک (تەنانەت وەبەرهێنەرە دەوڵەتییەکانیش ) توانای ڕاگرتن و تەحەمووڵی خەسارەکانی دابەزینی هەڵاوسانەکانی سەردەمی ترەمپیان نابێ. بە زمانێکی خەڵکی ئەگەر بڵێین لە ڕاستییدا نرخی پراید کە ئێستە سەد و دە میلیۆنە قەت ناگەڕێتەوە بۆ سی میلیۆن.
بە گشتی ئێران سەبارەت بە هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا زیاترین کاریگەری لە سەرە و بەرە بەرە ئەو باندۆرانە دەرئەکەون.

# بۆچی ڕۆژاوا لە جەنگەکاندا سەر دەکەوێت؟

نووسەر: کیت ویندشتڵ

کوردییەکەی: ساماڵ ئەحمەدی

لە ئۆکتۆبری ٢٠٠١ شرۆڤەکارانی لیبراڵ لە ڕاگەیاندنەکاندا پێشبینییان دەکرد کە ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لە ئەفغانستانیش دەکەونە زەلکاوێکی دیکەی وەک ئەوەی ڤێتنامەوە و تێی دەچەقن. بەڵام باشتر بوو پێش ئەو پێشگۆییانە کەمێک لەو ئامارە ورد ببوایەتنەوە کە ڤیکتۆر دەیڤیس هەنسن لە جەنگەکانی ڕابردووی ڕۆژاوا لەگەڵ دەسەڵاتە ئیسلامییەکان کۆی کردوونەتەوە.

هەنسن لە کتێبەکەیدا، کوشتار و فەرهەنگ ، ڕۆژی ١٧ی ژانویەی ١٩٩١ وەبیر دێنێتەوە کە ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی بەرەنگاری سپای کارکوشتەی عێراق بوونەوە. سپای عێراق یەک میلیۆن و دووسەدهەزار کەس هێزی زەوینی، ٣٨٥٠ تۆپ، ٥٨٠٠ تانک و ٥١٠٠ ئۆتۆمبێلی زرێپۆشی هەبوو. عێراقییەکان لە خاکی خۆیاندا سەنگەریان گرتبوو، لە جادەی زەوینییەوە بە ئاسانی لە بەغداوە پێداویستییان پێ دەگەیشت. بە باشترین چەکوچۆڵی جەنگی، لە گازی ژەهراوییەوە بگرە تا تانک و مین، کە بە دۆلاری داهاتی نەوت دەیانتوانی بیانکڕن، پۆشتە بوون؛ سەرباری هەمووی ئەوانە لە ماوەی چوار ڕۆژدا لە بەرانبەر هاوپەیمانەکانی ڕۆژاوادا تێک شکان و دەیانهەزار کەسیان لێ کوژرا، لە بەرانبەردا لە هێزەکانی ئەمریکا بە ژن و پیاوەوە ١٥٠ کەس کوژران، کە ئەویش زۆرینەیان بە هەڵەی هێزەکانی خۆیان، یان لادانی مووشەکەکانی خۆیان، یان زۆر پێشهاتی دیکە کوژرابوون.

بێ لەوەش، باشتر وابوو شرۆڤەکارە دڕدۆنگەکانی ڕاگەیاندنەکان لە ئەنجامی خاڵێکی دیکەش لەو خاڵانە ورد ببوایەتنەوە کە هەنسن سرنجی پێ داوە. سپاکەی عێراق لە شوێنێکدا لەنێو چوو کە زۆر دوور نییە لە شوێنی جەنگەکانی کوناکسا و گۆگەمێلا کە لە یەکەمیاندا سپا دەهەزار کەسییەکەی گەزنەفۆن لە ساڵی ٤٠١ی پێش زایین و لە دووەمیاندا ئەسکەندەری مەقدۆنی لە ساڵی ٣٣١ی پێش زایین، سپا خۆجییەکانی ئاسیایان تەفروتوونا کردبوو.

هەنسن ناوی دووهەمی کتێبەکەی ناوە «نەبەردە دەورانسازەکان لە سەرهەڵدانی دەسەڵاتی ڕۆژاوادا» کە تێیدا بە خستنەڕووی وردەکاریی زۆر ورد، ٩ جەنگی گەورە لە ساڵی ٤٨٠ی پێش زایینەوە تا ١٩٦٨ وەسف دەکات. کتێبەکە پێکهاتەیەکی هاوشێوەی بەرهەمە کلاسیکەکەی ئیدوارد کریسی، واتە «پازدە جەنگی چارەنووسسازی جیهان»ی هەیە کە لە سەردەمی شاژنە ڤیکتۆریا لە ساڵی ١٨٥١ چاپ کرا و ڕەمێنێکی زۆری پەیدا کرد، دەشکرێ بڵێین بەحەق جێگرەوەیەکی باشی ئەوە، هەرچەند زۆر زۆر لەو گرینگترە. کوشتار و فەرهەنگ گێڕانەوەی زنجیرەیەک جەنگە، بەڵام ئەو باسەی تێیدا هاتووە لەڕاستیدا دەرباری فەرهەنگێکە پێی دەڵێین «ڕۆژاوا» و، دەچێتە نێو مشتومڕێکەوە کە لە کۆتایی جەنگی ساردەوە لەوەی کۆڵیوەتەوە کە چ وێنایەکمان لە ڕۆژاوا هەبێت و ڕۆژاوا چۆن ئاوا بەسەر دنیادا زاڵ بووە.

مێژوونووسانی لایەنگری ڕۆژاوا هۆکاری سەرکەوتنەکەی زیاتر لە چوارچێوەی ئەو نەریتە ٢٥٠٠ ساڵەیەی هۆش و یاسا (عەقڵ و قانوون)دا دەردەبڕن کە لە یوونان و ڕۆمی کەوناراوە بە میرات گەیشتووە و لەژێر کاریگەریی ئایینگەلی یەهوودی-مەسیحیدا هەموار بووە. عەیبدۆز و ڕەخنەگرانیش (کە زۆرینەیان ڕۆژاواییین، یان لە ڕۆژاوا خوێندوویانە) هۆکار دێننەوە بۆ ئەوەی کە ئەم هۆکارهێنانەوە ئەفسانەییە تێکەڵاوی خۆشخەیاڵی بووە و داتاشراوی زانستدۆزانی ئەورووپایی پاش ڕێنێسانسە کە ویستوویانە قووڵاییەکی نەشیاو بە فەرهەنگی خۆیان ببەخشن. ئەم دەستەیە پتر سرنج دەخەنە سەر دەسەڵاتی ئابووری و سەربازی و ئیدیعای ئەوە دەکەن کە ئەورووپا ناوچەیەکی بچووکی پەراوێزخراو و دواکەوتوو بە تەنیشت ویشکارۆ گەورەکەی ئاسیا-ئەورووپاوە بوو کە کتوپڕ لە سەدەی شازدەدا هاتە نێو گۆڕەپانەکەوە و بە زەبری چەک و تاڵان و داگیرکردنی سامانی دیتران بەرەبەرە تا سەدەی نۆزدە بەو پێگە زاڵە گەیشت.

هەنسن ئەم مشتومڕەی وەرگرتووە و بە لێزیادکردنی ڕەهەندێکی نوێ کە لەلایەنی هیچکام لەو دوو دەستەیەوە نەخراوەتە بەر هەڵسەنگاندنی ڕژدەوە، بە تەواوەتی هەڵیگێڕاوەتەوە. جا بۆیە کتێبەکەی ئەو، نەک هەر بووەتە یەکێک لە گرینگترین بەرهەمەکانی سەردەمی ئێمە لە بواری مێژووی سەربازیدا، بگرە خوێندنەوەیەکی شارستانییەتیی ڕۆژاواشە لە دوورەدیمەنێکی فرە ڕۆشنگەرتر لە هەر نووسراوەیەکی کە لەم ١٠ ساڵەی دواییدا نووسراوە.

***

پێشتر ئەو دەستەیەی مێژوونووسانی سەربازی کە پێیان دەنایە هەردەی فەرهەنگەوە، زیاتر لە دیدگایەکی سنووردارەوە تێیان دەڕوانی و، بۆ باسی هۆکاری وەفاداریی سەربازان بۆ هاوسەنگەرەکانیان لە مەیدانی شەڕدا، یان بۆ باسی هەندێک هەڵسوکەوتی سەیروسەمەرەی سەربازی؛ لەوانە ئیمپراتۆرپەرستیی فڕۆکەوانە خۆکوژەکانی ژاپۆن لە جەنگی دووەمی جیهانیدا، زیاتر سرنجیان دەخستە سەر فەرهەنگی جەنگاوەرەکان. لە بەرانبەر ئەوەدا، هەنسن دیدگایەکی تا ڕادەیەک بەرفرەهی گرتەبەر و دەڵێت، شێوەی هەڵسوکەوتی جەنگاوەرەکانی ڕۆژاوا دەبێ بە پشتبەستن بە فەرهەنگی شارستانییەتیی ڕۆژاوا ڕوون بکرێتەوە.

لە وەڵامی ئەوانەیدا کە دەڵێن زاڵبوونی سەربازیی ئەورووپا هەر لە پێنجسەد ساڵی ڕابردووەوە دەستی پێکردووە، هەنسن دەڵێت، بنەما سەرەکییەکانی جەنگاوەری لە ڕۆژاوا زۆر پێشتر و لە سەردەمی کلاسیکی کەوناراوە جێ کەوتبوو. بەوتەی ئەو، ڕۆژاوا لە سەدەی پێنجەمی پێش لەدایکبوونی مەسیحەوە خاوەنی فەرهەنگی شارستانییەتیی سپاداری بووە کە بەپێی ئەو فەرهەنگە خەڵک (شارۆمەندان / هاووڵاتییان) خۆیان لە دۆڕان و سەرکەوتنی وڵاتەکەیاندا بە هاوبەش زانیوە و ئامادە بوون لەپێناویدا بجەنگن. ئەم فەرهەنگی شارستانییەتییە لە مەیدانی جەنگدا هەماهەنگییەکی بێوێنەی لە دیسیپلینی گرووپی و خێرایی بڕیاردانداندا بەدی هێناوە. جەنگاوەرانی ڕۆژاوا لە جەنگە چارەنووسسازەکاندا ئامادە بوون تا دواهەناسە بجەنگن و دوژمن لەنێو ببەن.

هەموو سەربازێک ئەوەی زانیوە کە خزمەتە سەربازییەکەی بەپێی سیستمێکی یاسایی ڕێک خراوە کە بە شێوەی یەکسان ئەو و فەرماندەرەکانی دەگرێتەوە.

دەبێ ئەوەیشی لێ زیاد بکەین کە نەریتی دوورودرێژی پەرەپێدان و بەرەوپێشبردنی زانست و زانیاری کە دواتر شۆڕشی زانستی و شۆڕشی پیشەسازیی لێکەوتەوە، دەزگای سەربازیی ڕۆژاوای بە کۆمەڵێک چەکی باشتر پۆشتە کرد و تێکنۆلۆژییەکی سەربازیی تازەداهێنراوی خستە بەردەستییەوە کە باشتر بوو لەوەی بە دەست دوژمنانییەوە بوو. بێجگە لەوانەش، ئابووریی بازاڕەکی توانیویەتی خێراتر و هەرزانتر لە ئابووریی پلانداری خەنیمەکان یان پێداویستییە سەربازییەکان بۆ سپاکانی ڕۆژاوا دابین بکات.

ڕۆژاوا خاوەنی فەرهەنگێکی ناسەربازییش بووە کە بەردەوام ئامادە بووە ڕەخنە لە ستراتیژییەکان و بەرزەفڕییە سەربازییەکان بگرێت و، تەنانەت بۆ ئەوەش ئامادە بووە کە لە کاتی پێویستدا فەرماندەرانی سەربازی بگۆڕدرێن. لە هەندێک بابەتدا، لەوانە لە ڤێتنام کە لە هەمووان بەناوبانگترە ئەو جۆرە ڕەخنانە دەستشتنەوە لە بەشێک لەو سەرکەوتنانەی لێ کەوتووەتەوە کە زۆر بەزەحمەت وەدەست هاتبوون. بەڵام لە درێژماوەدا و لە مێژووی دوورودرێژی ڕۆژاوادا ڕەخنە ڕەچاوکردنی کۆمەڵێک سیاسەتی سەربازیی لێ کەوتووەتەوە کە سەرەنجام ڕۆژاوای سەر خستووە. لە هەمووی گرینگتریش ئەوەیە کە ئەم فەرهەنگە بە شێوەیەکی تاڕادەیەک یەکپارچە خەڵکی سڤیلی بۆ پشتیوانی لە تێکۆشانە سەربازییەکان هان داوە.

بە کورتییەکەی، بەپێی هۆکارهێنانەوەکەی هەنسن، زاڵبوونی سەربازیی ڕۆژاوا لە نەریتی دیمۆکراسی و یاسا و ئازادی و ئابووریی ئازادەوە سەری هەڵداوە و هەمووی لە چۆنایەتیی فەرهەنگییەوە پەیدا بووە.

***

هەنسن ئەم هۆکارهێنانەوە بوێرانەیەی سەرەتا لە ساڵی ١٩٨٩ و لە کتێبێکدا بە ناوی «شێوازە ڕۆژاواییەکەی جەنگ»دا هێنایە گۆڕێ، باسەکەی ئەو لەسەر ئەوە بوو کە چەمکی ڕۆژاوایی «جەنگی چارەنووسساز» لە فەرهەنگی دەوڵەتشارە کلاسیکەکانی یوونانەوە سەرچاوەی گرتووە. دەوڵەتشارەکان کە لە چنگ شەڕ و پێکدادانە دوورودرێژ و سنووردارەکان لەگەڵ دوژمنان لە ڕۆژهەڵاتەوە ماندوو ببوون هێزی سەربازیی پیادەی خاوەن چەکی تایبەتیان بە ناوی «هۆپلیتەکان» دامەزراند و ئەندامەکانی ئەو هێزەیان لە ڕیزی پاڵوێکدراو و ڕێتێنەبراوی ناسراو بە «فالانکس» لە بەرانبەر خەنیم و دژمناندا ڕێک خست.

سەربازەکان لە جووتیارانی سڤیلی زۆر بەدیسیپلین پێک هاتبوون کە خاوەنی خاک و ئاوی خۆیان بوون و لە بڕیارەکانی شارەکەیاندا مافی دەنگدانی دیمۆکراتیکیان هەبوو، لەبەر ئەوە ئامادە بوون لە جەنگدا تا دوایین هەناسە بجەنگن. ئەگەر لە شەڕەکەدا سەرکەوتوو بوایەتن، ئەوە دژمن بە یەکجارەکی تێک دەشکا و ئەوانیش دەگەڕانەوە سەر ئاو و مڵکی خۆیان و بۆ ماوەیەکی درێژ لە ئارامیدا دەژیان. هۆپلیتەکانی یونان شارۆمەندی ئەو دەوڵەتانە بوون کە لە خەنیمەکانیان بچووکتر و لە باری ئیمکاناتیشەوە لەوان هەژارتر بوون، بەڵام سەربازانی دژمنیان دەبەزاند؛ ئەو سەربازانەی کە سەرکەوتن و شکستی دەوڵەتەکانیان بەلایانەوە گرینگ نەبوو، چونکە یان بەکرێگیراو بوون، یان بە زەبری قامچی و بە زۆرداری دەیانبردن بۆ شەڕ، لەبەر ئەوەیشی کە سیستمێکی شارستانییەتیی وەها نەبوو تا ڕێز لە فیداکارییەکان و گیانبازییەکانیان بگرێت، ئەوان زیاتر وەفایان بۆ خێڵ و دۆستانی خۆیان هەبوو.

بە لێکدانەوەیەکی ڕاستتر دەبوو کتێبەکەی پێشووی هەنسن ناوی «شێوازە یوونانییەکەی جەنگ» بوایە، چونکە سەرباری ئەوەیکە پڕە لە لێکۆڵینەوەی بەرفرەوان و ڕاپۆرتی واقعبینانەی کارەساتبار لەمەڕ شێوازە جەنگییەکانی هێزی سەربازیی پیادەی خاوەن چەکی تایبەت (هۆپلیتەکان)ی یوونان، لێکدانەوەی دەربارەی هیچ جۆر و شێوە تێکهەڵچوونێکی ڕۆژاوایی تێدا نییە. هەنسن لە کاتی نووسینی ئەو کتێبەدا مامۆستای زمان و ئەدەبیاتی یوونان و لاتین لە زانستگەی ویلایەتیی کالیفۆرنیا لە شاری فرێزنۆ بوو و لە بواری پسپۆڕییەکەی خۆیدا کاری دەکرد.



© Reuters/O. Sobhani

بەڵام لە دەیەی ڕابردوودا زیاتر گەشەی کردبوو و گەیشتبووە ئاستێک کە وەکوو مێژوونووسێکی سەربازی بەسەر سەرلەبەری شارستانییەتیی ڕۆژاوادا تا دەگاتە ئەمڕۆ بە تەواوەتی زاڵ ببوو. بەرهەمی کارەکەیشی کتێبێکی وایە کە لە ڕوانگەی بەرینایی و قووڵاییەوە بە هیچ شێوەیەک لە لێکۆڵینەوە مامۆستایانەکەی جۆن کیگان، مێژووی جەنگ کەمتر نییە.

هەنسن کوشتار و فەرهەنگی بە شێوەیەک داڕشتووە کە هەرکام لە ٩ جەنگەکە نیشاندەری یەکێک لە چۆنایەتییەکانی فەرهەنگی ڕۆژاوایی بێت؛ ئەو چۆنایەتییەی کە بنەمای بەرگرییەکەی ئەو لە ئیدیعای کتێبەکەیەتی.

بەشێک لەو جەنگانە لە دیاریکردنی چارەنووسی بانەڕۆژی شارستانییەتیی ڕۆژاوادا کاریگەریی دەورانسازیان هەبوو، لەوانە جەنگی دەریایی سالامیس لە ساڵی ٤٨٠ی پێش زایین کە لەو جەنگەدا ئەسینا و سپارتا (آتن و اسپارت) یەکیان گرت و پێکەوە هێزی دەریایی ئیمپراتۆری هەخامەنشی، واتە بەهێزترین فەرمانڕەوای ئەو سەردەمەی جیهان، «خەشایارشا»یان تێک شکاند و، ئەو مەترسییەیان ڕەواندەوە کە ئیمپراتۆری هەخامەنشی، دەوڵەتشارەکانی یوونان بکات بە ساتراپ (هەرێم)ی ئاسیایی خۆی و دامەزراوەکانی ئازادیی سیاسیی ئەو دەوڵەتشارانە بڕووخێنێت.

جەنگی پۆئاتێرس لە ساڵی ٧٣٢ی زایینیشدا کە تێیدا شارڵێس مارتێڵ هێزە پیادەکانی سپاکەی خۆی بە شێوەی کلاسیکی کەونارا لە ڕیز و دەستەی ڕێکوپێکدا ڕێک خست و هێزی سوارەی عەبدولڕەحمانی تێک شکاند کە تا ئەوکاتە تامی تێکشکانی نەچەشتبوو، ئیدی بۆ هەمیشە پێشی بە پێشڕەویی سپای ئیسلام لە ئەورووپادا گرت.

بەڵام بەشێکی دیکە لە جەنگەکان تەنانەت لە ناوچەی شوێنی ڕووداوەکەشیان نەیانتوانیوە ڕەوتی ڕووداوەکان بگۆڕن؛ لەوانە جەنگی کاننای لە ساڵی ٢١٦ی پێش زایین کە لەو جەنگەدا هانیباڵ، سەرداری گەورەی کارتاژ، سپای ڕۆمی تێک شکاند و سپای ڕۆم لەو کاتەدا فەرماندەرێکی شیاوی نەبوو، بەڵام خاڵی جێی سرنج لەو جەنگەدا ئەوە نەبوو کە هەنسن گوتەنی هەزاران ڕۆمی بە ئاسانی قەڵتوبڕ کران، بەڵکوو ئەوە بوو کە ئەو کوشتارە هیچ کاریگەرییەکی ستراتیژیکی لە پاش خۆی بەجێ نەهێشت. لە ماوەی ساڵێکدا ڕۆم کۆمەڵانی خەڵکی وڵاتەکەی دەنگ دا و هەرکەسێکی توانای جەستەیی هەبوو کرایە سەرباز و هێزی نوێی وەکوو هێزەکانی پێشوو بەهێزی ناردەوە مەیدانی جەنگ. هەنسن نووسیویەتی کە دڵخۆشیی سەرکەوتنەکەی هانیباڵ لە کاننای وەکوو هێرشە ناخافڵانەکەی ژاپۆن بۆ سەر پرل هاربر وا بوو: سەرکەوتنێکی تاکتیکیی درەوشاوە کە هیچ ئەنجامێکی ستراتیژیکی لێ نەکەوتەوە و تەنیا لایەنی تێکشکاوی هەڵخڕاند و بزاوتی. «پارلمانەکانی ڕۆم و ئەمریکا پاش چەشتنی ئەو دۆڕانە، هێزی گەورەیان ڕێک خست و، لە کاتێکدا کە ئیمپراتۆرییەکانی کارتاژ و ژاپۆن لە سووروساتی چێژی سەرکەوتندا بوون، تامی سەرکەوتنەکەیان لێ نیوەچڵ کرا.»

کتێبەکەی هەنسن هەر بەتەنیا باسێکی ئەکادیمی دەربارەی فەرهەنگی سەربازیی ڕۆژاوا نییە. ئەو، هەر بەشێکی کتێبەکەی بە وەسفی تەواوی ئۆپەراسیۆنەکە و تاکتیکە جەنگییەکانی بەرەکانی جەنگەکە و چۆنایەتیی جێبەجێکردنیان دەست پێ دەکات و «ڕواڵەتی جەنگەکە»، واتە هەستی جەنگاوەری و مردن لەو هەنگەمەیەدا نیشان دەدات. لە نووسراوەکەی ئەودا بەشێک لەو ڕوونترین وەسفانەی تا ئێستا لەمەڕ ئەو ڕووداوانەوە نووسراون بەرچاو دەکەوێت، بەتایبەت لە ڕاپۆرتی نوقمبوونی ٤٠ هەزار سەربازی هەخامەنشی لە جەنگی دەریایی سالامیس و لەنێوچوونی چوارهەزار هێزی زولو (ناوچەیەک لە ئەفریقای باشوور) بە دەستی تەنیا ١٣٩ سەربازی ئینگلیس لە ساڵی ١٨٧٩ و، ئەوەی کە بۆمبهاوێژەکانی ئەمریکا لە جەنگی دەریایی «میدویی» لە ساڵی ١٩٤٢ چۆن گەلەکەشتیی فڕۆکەهەڵگری ژاپۆنیان کرد بە جەهەننەمێکی مەلەوان.

***

وەشانخانە ئینگلیزییەکانی کتێبەکەی هەنسن سەرناوی کتێبەکەیان گۆڕیوە و کردوویانە بە «بۆچی ڕۆژاوا سەرکەوتووە»؛ بەڵام ئەو، خۆی ئیدیعای وای نەکردووە کە ڕۆژاوا بەردەوام دژمنەکانی تێک شکاندووە. لە بەشێک لەو ٩ جەنگەدا، وەکو «کاننای» لە ئیتاڵیا و «تێت» لە ڤێتنام ڕۆژاوا تێک شکاوە و پاشەکشەی کردووە. هەروەها هەنسن دانی بەوەشدا ناوە کە لە دەورەیەکی هەزار ساڵەدا، لە سەدەی پێنجەم تا پازدەیەمی زایینی، دەسەڵاتی ڕۆژاوا پاش ڕووخانی ئیمپراتۆریای ڕۆمی ڕۆژاوا بەرەو هەرەسهێنان ڕۆیشت. بەڵام هۆکار بۆ ئەوە دێنێتەوە کە زۆربەی وڵاتانی ئەورووپایی لە سەرانسەری ئەو ماوەیەدا توانییان نەریتە فەرهەنگییەکانی سەردەمی کلاسیکی کەونارا بپارێزن و بەو شێوەیە ببنە خاوەنی دەسەڵاتێکی زیاتر لەوەی کە ژمارەی هاووڵاتییان (شارۆمەندان) و بەرینایی خاکی وڵاتەکەیان بواری وەدەستهێنانی بۆ دەڕەخساندن.

***

لەگەڵ هەمووی ئەوانە پێم وایە بەشێکی زۆری خوێنەران دەیانویست وردەکاریی زیاتر دەربارەی چۆنایەتیی یەکگرتنەوەی ئیدیعای نووسەر لەگەڵ ڕەوتی ئەو داڕووخانە، بەتایبەت لە کاتی جەنگی ڕژدی ئیسلام لەگەڵ بەشی هەرەگەورەی ئەورووپای ڕۆژهەڵات بزانن.

لەو دەورەیەدا ئەورووپا لەباری چەکەوە لەپێشتر نەبوو.

ئەو سوارانە لە مێرگەکانی ئاسیا فێری تیرهاویشتن بەسەر زینی ئەسپەوە ببوون و ڕێساکانی هێزی سەربازیی سوارەیان گۆڕی. هۆکارەکانی هەنسن سەبارەت بە ڕۆڵی تەوەرەیی دیسیپلینی هێزی پیادەی ڕۆژاوا جێی باوەڕن؛ بەڵام ئەو، خۆی لە باسی تێروتەسەل لەبارەی شێوەی جەنگی گەمارۆدران و گەمارۆوە دەبوێرێت کە لە سەرانسەری ئەو دەورەیەدا

درێژە لە لاپەڕەی ٧

# ئازادژیان لەنێوان فکر و کردەدا

نیشتمان



لە یەکێک لە دیمەنەکانی فیلمی «ژیانێکی شاراوە» بەرهەمی گەورە دەرهێنەری ئامریکایی، تێرەنس مالیک، جووتیارێکی ئۆتریشی کە بەهۆی ملکەچنەبوون لەبەرامبەر دەوڵەتی فاشیزمی هیتلێردا دەسبەسەر کراوە بڕیاری ئێعدامکرانی دەدرێت. پارێزەرە دەسنیشانکراوەکەی داوای لێدەکات کە سوێندی وەفاداری بۆ هیتلێر بخوات تاکوو ژیانی ڕزگار ببێ و ئێعدام نەکریت و ئازاد بکری؛ بەڵام جووتیارەکە لەحاڵێکدا دەزانێ کە چەند چرکە دواتر ئەگەر ئەو سوێندە نەخوات گیانی لێ دەستێندرێت پێی دەڵێ: «من ئازادم!» چۆن دەکرێ کەسێک کە بە دیل گیراوە و لە ساتەوەختی ئێعدامکراندایە بڵێ من ئازادم؟ ئایا ئازادی ئەوە نییە کە تاک لە «بەند»دا نەبێ؟ ڕەنگە بتوانین گونجاوترین وەڵام بۆ ئەم پرسیارە لە فەلسەفە و تێڕوانینی «کانت»دا بدۆزینەوە.

کانت پێی وایە: «بیاڤی ئاوەزی تیۆریک ناتوانێ ئازادی تاک بسەلمێنێ و مانای پێ ببەخشێ بۆیە هەوڵ دەدات بەهۆی ئاوەزێکی کرداری ئازادی مرۆڤ پێناسە بکات.

ئەو پێی وایە ئەگەر ئازادی و خودموختاری ئینسان تایبەتمەندییەک بێت ئەوا دەبێ تایبەتمەندی ئیرادەی مرۆ بێت.

کانت ئیرادەی ئازاد و ئیرادەی خودموختار لە یەک ئاست و هاوتەراز دەبینێ واتە لای کانت ئیرادە کاتێک ئازادە کە بۆخۆی ببێتە هۆکاری سازبوونی هەندێک کرداری بەرهەست و بۆخۆیشی نەبێتە بەرهۆی پرسێکی دیکە. کەواتە بەسەرهاتی جووتیاری نێو فیلمی ژیانی شاراوە وەک کردەیەکی ئەخلاقی و ڕەوشتمەدارانەی سووژەیەکی خاوەن ئیرادە کە دەیهەوێ ئازاد بێت پێناسەی بۆ دەکرێ. ئازاد لە هەموو فاکتەرە دیاریکەرەکان و هۆکارە دەرەکییەکان». ملکەچنەبوونی جووتیاری نێو فیلمی ژیانێکی شاراوە بۆ سوێندخواردن و ئامادەبوون بۆ ئێعدامکران، لەم چوارچێوەیەدا پێناسەی بۆ دەکرێت. کەسێک کە ئامادە نییە ببێتە دیلی دەستی هۆکارە دەرەکییەکان؛ جا چ نەریت و دابەکان بێت یان ئابووری و سیاسەت. ئەو دەیهەوێ ئازاد بژی کەواتە ئامادەیە بۆ پاراستنی ئەو ئازادییە مەعنەوی و ئەخلاقییە گیانی خۆی، سەرباری هەموو خۆشەویستییەک کە هەیەتی بۆی، پێشکەش بکات.

ئەم بەسەرهاتە و داستانی ئەم فیلمە بۆ زۆرێک لە ئێمەش ئاشنایە و نامۆ نییە. ساڵانێکی دوورودرێژە کە لاوانی کورد بۆ «ئازادژیان» ملیان بە تەنافی ئێعدامەوە دەرازێننەوە؛ یان ئەو گەنجانەی کە واز لە ژیانی ڕۆتینی و پڕزرق و برق دێنن و لەڕاستای گەیشتن بە ئازادییە لێزەوتکراوەکانیان گیانیان کە گەورەترین سەرمایەی ژیانیانە دەکەنە پردەباز و دەبنە پێشمەرگە.

ئەوانە هەموویان لەو چوارچێوەیەدا خوێندنەوەیان بۆ دەکرێ چونکە نایانهەوێ هۆکارە دەرەکییەکان و لەسەرووی هەمووان دەسەڵاتی سیاسی زاڵ لە مانا بەتاڵیان بکاتەوە. ڕاستە کە ئەم بیرکردنەوە و پێبەندبوون پێی زۆر سەخت و دژوارە و تێچووەکەی لانیکەم بۆ بکەری ئەو کردارە گەلێک زۆرە بەڵام ئەوەی ڕوونە ئازادی لەو کاتەدا مانا پەیدا دەکات؛ نەک هەر مانا بەڵکوو بۆخۆی دەبێتە وانەیەک کە دەمێنێتەوە.

لە کۆمەڵگای ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا و لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتیشدا کەم نەبوون ئەو زاتە ڕەوشتبەرزانەی کە ئامادە نەبوون بۆ چرکەساتێک ژیانی زیاتر، خۆیان بفرۆشن یان لە مانای ڕاستەقینەی ژیان دوور بکەونەوە و چاویان لە ئاست ئازادییان بنوقێنن.

ئەمە ڕاستەوڕاست خاڵی جیاکەرەوەی ئەو کەسانەیە لەگەڵ ئەو تێڕوانین و بۆچوونەی کە سەرانی کۆماری ئیسلامی ماوەی زیاتر لە ٤٠ ساڵە هەوڵ دەدەن لە مێشک و زەینی کۆمەڵگادا تێیخزێنن و خەڵکانێکی گوێلەمست و ئاڵقەلەگوێ بار بهێنن کە لە باتی ئەوان بیر بکەنەوە، بڕیار بدەن و ژیان بکەن و شێوەی ژیانێک لە مێشکیاندا بخولقێنن کە پەسندی لای دەزگای ویلایەت بێ.

کۆماری ئیسلامی دواساتەکانی ژیانی خۆی ئەزموون دەکات؛ گوشارە لانیزۆرەکانی دنیای دەرەوە، گوشارە ئابوورییەکان لە نێوخۆ کە خۆیان لە قەوارەی گرانی و بێکاری وهەژاری ڕەهادا دەرخستووە و هەروەها نەمانی ڕەوایی و مەشروعیەت لای خەڵکانی نیشتەجێ لەم وڵاتە و بێزاری وڵاتانی ناوچەیی لە سیاسەتە شەڕئەنگیزانەکانی تاران وایان کردووە کە لە هەر ئانوساتێکدا دەبێ چاوەڕوانی تەقینەوەیەکی بەهێز بین کە ڕوو بە دەسەڵاتی ئازادیکوژ ڕوو دەدات؛ بەڵام دەسمایەی سەرەکی ئەم تەقینەوەیە و شکڵگرتنی ئەو ناڕەزایەتییە گشتگیرە کە ئیرادەی تێکەوەپێچانی تەواوییەتی کۆماری ئیسلامی لە بەردا بێ، ئەوەیە کە «ئازادژیان» بە هەموو دژواری و سەختییەکانی قبووڵ بکرێ. پێشمەرجێک کە بریتییە لە خۆڕزگارکردن لە چنگ دیلیی فکر و ئاوەز و خۆهەڵبەستن بە ئاوەزێکی کرداری.

## درێژە ی لاپەڕەی ٦

لەگەڕدا بوو.

لە سەدەکانی نێوەڕاستدا ئیسلام دوو هێزی سەربازیی دامەزراند، یەکیان مەمالیکەکانی میسر و ئەوی دووەمیش یەنیچێرییەکانی عوسمانی کە سەلماندیان ئەگەر سپایەک لەسەر بنەمای هێزی باڵادەستی و بنەماگەلی بۆرۆکراتیک ڕێک بخرێت دەتوانێت بەسەر سیستەمی سپادارییی سەدەکانی نێوەڕاستی ڕۆژاوادا سەر کەوێت. ئیسلام لەو دەورانەدا لە خاکی پیرۆز و لە بیزانس بەسەر مەسیحییەکاندا سەر کەوت و لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی وەدەرنان، زۆر سەرزەمینیشی تا نێو دڵی ئیمپراتۆریاکانی هابسبۆرگ و ڕووس خستە بن دەستی خۆیەوە. یەکێک لە بەشە زۆر بەپێزەکانی کتێبەکەی هەنسن دەربارەی جەنگی ‹›لێبانتۆ››یە لە ساڵی ١٥٧١ کە کۆتاییی بەو ڕەوتە هێنا و پاش ئەوە سوڵتانی عوسمانیی کرد بە ‹›پیاوە نەخۆشەکەی ئەورووپا››. بەڵام تێزەکەی ئەو زۆر بەهێزتر دەبوو ئەگەر لەبارەی تێکهەڵچوونی ئیسلام و ئەورووپای سەدەکانی نێوەڕاستی ئەو ڕۆژگارەی کە هەڵوێستی ئەورووپا بەرگریکارانە بوو، باسێکی بورووژاندایە. بەشێک لە ڕەخنەگرانی ئیسلامی لەوانەیە ئیدیعا بکەن کە خۆبواردن لەم بابەتە بۆشاییەکی گەورەی لە هۆکارهێنانەوەکانی ‹›هەنسن››دا پێک هێناوە بەڵام لە ڕاستیدا پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە ئاسانە.

لە ٢٥٠٠ ساڵی ڕابردوودا ڕۆژاوا چەند جارێک بنەما بنەڕەتییەکانی خۆی، واتا ئازادی و دێمۆکراسی و حکوومەتی یاسای وەلا ناوە و خۆی بەدەست حکوومەتی ڕەهاوە داوە. بە باوەڕی من، ئەمە هۆشپەسندترین هۆکارە بۆ ئەوەی کە بۆچی ڕۆمییەکان، چ لە ڕۆژاوا و چ لە ڕۆژهەڵات، هۆگریی سەربازییان لەدەست دا و ئیمپراتۆرییەکانی خۆیان بە دەست خێڵە دارستانییەکانی ئەڵمانیا و خێڵە مێرگ و لەوەڕگەنشینەکانی ئاسیاوە دا. ئەنجامی حکوومەتی ڕەها لە ڕۆژاوا، ڕووخانی ڕۆژاوا بوو. بەڵام لە ڕێنیسانس بەملاوە کە ڕۆژاوا فەرهەنگی سیاسیی ڕەسەنی یوونان و ڕۆمی سەرلەنوێ زیندوو کردەوە، هەمووانی لەسەر ڕێی خۆی ڕامالی.

ئەم بابەتە زۆر لەوە گەورەترە کە هەر بە هەڵکەتێکی ڕووت دابنرێت و، خۆی تەئیدێکی ترە بۆ تێزە دلێرانە و دلڕفێنەکەی هەنسن.

سەرچاوە: کتێبی (فلسفه و جامعه و سیاست، مجموعه مقاله، گزیده و نوشته و ترجمه عزتالله فولادوند، چاپ اول پاییز ١٣٨٧، تهران، نشر ماهی.)

.٢٠٠٢ April ,٨ .No ,٢٠ .Keith Windschuttle, ’’Why the West Wins Wars?’’ The New Criterion, Vol.
Victor Davis Hanson .
Carnage and Culture .
. Cunaxa. شارێکی بچووک لە بابلی کۆن، نێزیکی فورات، شوێنی تێکهەڵچوونی سپاکانی گزنفۆنی یۆنانی و ئەردەشیری دووەمی هەخامەنشی کە تێیدا سپای هەخامەنشی تێک شکا.
. Gaugamela. لە باکووری مووسڵ و نێزیک هەولێر. شوێنی جەنگی داریووشی سێیەمی هەخامەنشی و ئەسکەندەری مەقدوونی کە تێیدا سپای هەخامەنشی تێک شکا.
Edward Creasy, the Fifteen Decisive Battles of the World .
Market economy .
Planned economy .
The Western Way of war .
hoplite troops .
phalanx .
.(١٩٩٣) John Keegan, A History of Warfare .
. Poiteiers. شارێکە لە ڕۆژاوای فەرەنسا.
. Charles Martel (٦٨٨-٧٤١ی زایینی). پادشای فرانکەکان.
. Cannae. لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئیتالیا.
. Midway. لەم جەنگە دەریاییەی نێو ئۆقیانووسی ئارامدا فڕۆکەکانی ئەمریکا حەوت گەلەکەشتیی فڕۆکەهەڵگر و گەلەکەشتییەکی شەڕکەری ژاپۆنیان نوقم کرد.

## وێستگە

# نۆڤامبر مانگی وەگەڕخستنەوەی چالاکییەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتانە



نووسین: هێمۆ

توندوتیژییەکانی دژ بە ئافرەتان یەکێک لە گرینگترین و دیارترین کێشە و دیاردەکانە کە لە هەموو کۆمەڵگاکاندا ڕوو دەدات.

ڕەنگە هۆکارگەلێکی وەکوو دێموکراتیک بوونی کۆمەڵگا و باوەڕمەندبوونی کۆمەڵگا بە یەکسانیی ڕەگەزی و هەروەها باوەڕمەندبوون بە یاساکان لەم بوارەدا توانیبێتیان تا ڕادەیەکی زۆر ڕێژەی توندوتیژییەکان کەم بکەنەوە بەڵام دیسانیش ئەم پرسە یەکێک لە پرسە چارەسەرنەکراوەکانە و لە هەموو کۆمەڵگاکاندا بە ڕێژەی کەم و زۆر هەر ڕوو دەدات. توندوتیژی جۆرگەلێکی جیاوازی هەیە، ڕەنگە هەندێ جاریش ئەم توندوتیژییانە پێوەندیی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ دابونەریت و فەرهەنگی زاڵ بە سەر کۆمەڵگادا هەبێت و سەرچاوەگرتوو لەم فاکتەرانە بێت، بەڵام زیادترین ڕێژەی توندوتیژییەکان ئەتوانێ هۆکارگەلی دەروونی هەبێت و سەرچاوەگرتوو لە دەروونی نائارام و ناسەقامگیری تاکەکان بێت. ڕوونە کە دیاردەگەلێکی وەکوو توندوتیژی لە وڵاتانی دواکەوتووی جیهانی سێهەمدا زۆر زیاتر و بەرچاوترن، بۆ نموونە لە بڕینی لووتەوە بگرە هەتا داخ کردنی جەستەی ژنان و دەستدرێژی و لێدان هەتا بەکارهێنانی وشەی نەشیاو هەموویان بە جۆرێک لە جۆرەکان لە سەر ڕۆح و جەستە و باوەڕبەخۆبوونی ژنان کاریگەریی نەرێنیان دەبێت.

ئەو کاریگەرییە نەرێنییە زۆر ئاشکرایە کە لە سەر چالاکی و هەبوونی ژنان لە کۆمەڵدا زۆر کاریگەری دادەنێت و دەبێتە هۆی درووستبوونی بەربەست بۆ ژنان کە تەنانەت ئەگەر تاکوو ئێستاش نەکەوتبێتنە بەر جۆرەکانی ئازار و توندوتیژی، ترس لە ڕووبەڕووبوونەوە و ترس لە داوەری کۆمەڵگا بەرانبەر بە خۆیان ناچاریان دەکات خۆیان لە زۆر مافی سەرەتایی و بەرحەقی خۆیان دوور بکەنەوە تاکوو کەمتر بکەونە بەر پەلامار. دیارە کە لە ساڵی ١٩٨١ی زایینییەوە ڕۆژی ٢٥ی نۆڤامبر وەکوو ڕۆژی جیهانیی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ توندوتیژی دژ بە ئافرەتان لە لایەن کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دیاری کراوە و هەوڵ دراوە کە جەختێکی زیاتر و تایبەتتر لە سەر پرسەکانی ژنان لە پێوەندی لەگەڵ جۆرەکانی توندوتیژیدا بکرێتەوە، بەڵام بەداخەوە ئێستاش بینەری کوژران و دەستدرێژی و جۆرەکانی دیکەی ئازار بۆ سەر ژنانین، بۆیە پێویستە کە چالاکانی بواری ژنان و چالاکانی مافی مرۆڤ زیاتر خۆیان ماندوو بکەن چونکە لە ڕاستیدا پرسەکانی ژنان ، پرسێکی جیانەکراو لە پرسەکانی مافی مرۆڤە و هەر بۆیە زیاتر ئەرک دەخاتە سەر شانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی کە بەرپرسیارانەتر و شێلگیرانەتر هەوڵ بۆ چارەسەرکردنی ئەم پرسانە بدرێت. یەکێک لە گرینگترین بابەتەکان کە دەبێ پێداگری لە سەر بکرێت، فەرهەنگسازی و سڕینەوەی باوەڕە هەڵەکانە لە کۆمەڵگادا، کە ئەمە وەکوو ئەرک دەکەوێتە سەر شانی هەموو ئەندامانی کۆمەڵگا، بەتایبەت لە کۆمەڵگای ئێران و کوردستاندا ئەمە پرسێکە کە دەبێ زۆر بە وردی سەرنجی بدرێتێ، چونکە سەرەڕای هەموو چەشنە هەڵاواردن و سەرکوتکارییەکان، کۆماری ئیسلامی و دەستوپێوەندییەکانی یەکێک لە گرینگترین فاکتەرەکانی ئەنجامی توندوتیژی بەرانبەر بە خەڵک و بەتایبەتیتر ژنانە، بە واتایەکی دیکە کۆماری ئیسلامی بە شێوەی سیستماتیک توندوتیژیگەلی جیاواز بەرانبەر بە ژنان ئەنجام دەدات کە وەکوو نموونە دەکرێ ئاماژە بەم خاڵانە بکرێت:

- توندوتیژییەکانی گەشتی ئیرشاد بەرانبەر بە ژنان بە بیانووی لەبەرچاونەگرتنی حیجابی داسەپێنراوی ئیسلامی
- زاڵبوونی یاسا دژەژنەکان و بەیاسایی کردنی توندوتیژییەکان
- ئازاری جنسی ژنانی زیندانی و بەتایبەت زیندانیانی سیاسیی ژن
- دەرکردنی بڕیار و فتوا دژە ژنەکان بۆ سەرکوتی زیاتری ژنان
- پەرەدان بە دیاردەی سیغە و کەڵکوەرگرتنی ئامرازی لە ژنان لە ڕێگەی دانانی گرووپی تێلێگرامی و پێدانی پارە بەو کەسانەی کە زیاترین ڕێژەی خەڵک بێننە نێو گرووپەکەوە
- لابردنی وێنەی کچان و ژنان لە ڕووبەرگ و نێوەڕۆکی کتێبە دەرسییەکان و سەپاندنی کلێشە جنسییەکان بەرانبەر بە ژنان و ....

ئەمانە و کۆمەڵێک بابەتی دیکە هەموویان دەچنە چوارچێوەی کردارە ناپەسندەکانی کۆماری ئیسلامییەوە تاکوو ڕێگایەکی باشتر بۆ توندوتیژی بەرانبەر بە ژنان خۆش بکەن بۆ خۆیان و بەم شێوازە پێش بە دەنگی حەقخوازیی ژنان بگرن.

پێویستە تاکەکانی کۆمەڵگا بە وشیارییەوە لەم پرسە بڕوانن و هەوڵیان ئەوە بێ کە دیاردەی توندوتیژی بە هەموو شێوازەکانیەوە لەقاو بدەن و بە پەروەردەی درووستی نەوەی نوێ هەوڵ بۆ بنبڕ کردنی بدەن، بۆیە پێویستە مانگی نۆڤامبر وەکوو دەرفەتێک بۆ وەگەڕخستنەوەی چالاکییەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان چاوی لێ بکرێت و ڕێکخراوە مەدەنییەکان و ڕێکخراوەکانی تایبەت بە پرسەکانی ژنان و هەروەها نووسەران، ڕووناکبیران، خوێندکاران، مامۆستایان و چالاکانی بواری ژنان زیاتر هەوڵ بدەن کە بە چالاکیی جیاواز هەنگاوی باش و ئەرێنی لە فەرهەنگسازی و وشیارکردنەوەی خەڵک سەبارەت بەم دیاردەیە هەڵبگرن. کۆمەڵگایەکی بە دوور لە توندوتیژییە کە دەتوانێ بەستێنی زیاتر بۆ گەشەی تاکەکان درووست بکات و بگات بە بەختەوەری.

# کۆمەڵگایەکی دەوڵەمەند برسییەتی

چەکۆ ئەحمەدی

باسکردن لەسەر هەر کۆمەڵگایەک کۆمەڵێک فاکتی دەوێ تاکوو بتوانرێ بە واتای ڕاستەقینە شرۆڤە بکرێ یا هەر نەبێ وێنایەکی نزیک لە ڕاستی بە خوێنەر یا بەردەنگ بدات. یەک لەو فاکتانە توێژینەوەیە بەشێوەی ڕاستەوخۆ لەو کۆمەڵگایەدا، بەڵام کۆمەڵگا و وڵاتی بەرباسی ئەم بابەتە، واتە ئێران، هەموو لایەنەکانی هێندە ڕووهەڵماڵراون کە ئەگەر تەنیا تۆزێک بە وردی چاوی لێ هەڵبهێنرێ، هەموو کون و قوژبنە داڕووخاوەکانی دەبینرێ و ئاشکرایە. کەوایە بوون لەنێو کۆمەڵگای ئێراندا پێویستیی بێ ئەملاولا نییە و بەهۆی هەبوونی پێوەندی هەمەچەشنە لەگەڵ کۆمەڵگادا بە شێوەی ڕاستەوخۆ و ڕۆژانە، لانیکەم ئەم فاکتە ئیدی وەک ڕابردوو بە پێویستی حەتمی نازانرێ و سۆشیال میدیا نە بە تەواوی، لانیکەم تا ڕادەیەکی زۆر ئەم بۆشاییەی پڕ کردووەتەوە. لەوانەیە باس لە مێژوو و ڕابردووی ئەو وڵاتەی بە ئێران ناسراوە زۆر پێویست نەبێ و لە وتارێکی ڕۆژنامەییدا دەرفەت بۆ کردنەوەی ئەم باسە نەبێ، بەڵام پێویستە خوێنەر بزانێ ئەوەی لە ئەمڕۆی ئێراندا ڕوو دەدا و دەبینرێ، بێگومان ڕووداو نییە و دەبێ وەک ڕەوتێکی مێژوویی لەلای نزیک بە هەموو دەسەڵاتە ئێرانییەکان بزانرێ کە گرنگترینیان لە چەند خاڵدا چڕ دەبێتەوە:

- گەندەڵی
- هزری فاشیستی
- کردەوەی دیکتاتۆری

**گەندەڵی:**

خۆ لەسەرترزانینی نەتەوەیی یان کولتوری (ئێرانی کولتوری).
وەک لە مێژووی دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتەدا دەبینرێ، کە تەنانەت لەلایەن خۆیشیانەوە نووسراوە، گەندەڵی لە هەموو بوارەکانی پێوەندیدار بە بەڕێوەبەریی وڵات یان دەوڵەت لە ئێراندا بەشی دانەبڕاوی دەسەڵاتداران لە شا و وەزیرەوە بگرە تا خزمی خاوەن دەسەڵات بووە؛ بەڵام گەندەڵی لای دەسەڵاتی ئێستای ڕێبەرانی ڕێژیمی ئێران، هەموو ڕابردووی ڕووسوور کردووە و بەشێوەی سیستماتیک و ئاشکرا بەڕێوە دەچێ و ئەمەش لەگەڵ خۆی سەدان خەساری گەورە و بچووکی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و ... بەرهەم دێنێ و لەنێو کۆمەڵگادا بە شێوەی جۆراوجۆر خۆی دەنوێنێ.

**گەندەڵی لە هەموو بوارەکانی پێوەندیدار بە بەڕێوەبەریی وڵات یان دەوڵەت لە ئێراندا بەشی دانەبڕاوی دەسەڵاتداران لە شا و وەزیرەوە بگرە تا خزمی خاوەن دەسەڵات بووە؛ بەڵام گەندەڵی لای دەسەڵاتی ئێستای ڕێبەرانی ڕێژیمی ئێران، هەموو ڕابردووی ڕووسوور کردووە و بەشێوەی سیستماتیک و ئاشکرا بەڕێوە دەچێ**

**هزری فاشیستی:**

سڕینەوەی ناسنامەی ئەویدی و حاشاکردن لە بوونی کەسانی غەیری فارس و ئێرانی لای باڵادەستانی ئێرانی، ڕابردوویەکی دوور و درێژی هەیە. ئەم شێوە ڕوانینە تەنیا لای دەسەڵاتی سیاسیی ئێرانییەکان قەتیس نەماوە و شۆڕ بووەتەوە تا لای نووسەر و شاعیر و مامۆستا و مەلا و بازرگان و خەڵکی ئاساییش. لە ئاوا سیستمێکدا ئەویدی (غەیری فارس) نەک وەک نامۆ و نەبوو و حاشالێکراو سیاسەتی لەگەڵ کراوە، بەڵکوو بە مەترسیی تەناهی بۆ سەر دەسەڵات پێناسە کراون.

**سڕینەوەی ناسنامەی ئەوی دی و حاشاکردن لە بوونی کەسانی غەیری فارس و ئێرانی لای باڵادەستانی ئێرانی، ڕابردوویەکی دوور و درێژی هەیە. ئەم شێوە ڕوانینە تەنیا لای دەسەڵاتی سیاسیی ئێرانییەکان قەتیس نەماوە و شۆڕ بووەتەوە تا لای نووسەر و شاعیر و مامۆستا و مەلا و بازرگان و خەڵکی ئاساییش.**

واتە ئەویدی وەک دوژمنی کۆمەڵگای باڵادەست (فارس) ناسێندراوە و لە ئاوا دۆخێکدا ڕوونە کە کۆمەڵی مەترسیلەسەر نەک بەرگری لە خۆی دەکات، بەڵکوو هەموو ئامرازەکانی بەردەست بۆ سەرکوت و سڕینەوە (پاکتاو)ی بەکار دەبرێ و براوە. ئامرازی وەک سیاسەت، زمان، ئەدەبیات، ئابووری، کولتوور و ئاو و ئاخ و هەموو کەرەستەکانی دیکە چەکی بەرگری و هێرش بووە بۆ پاقژکردنی هەرجۆرە مەترسییەک لە ڕوانگەی ئەوانەوە؛ واتە نەتەوە غەیرە فارسەکان.

**کردەوەی دیکتاتۆری:**

پێناسەی دەسەڵات یان کردەوەی دیکتاتۆرانە زۆر سانایە و بۆ پێناسەی دیکتاتۆربوونی هەموو دەوڵەت و دەسەڵاتەکان لە ئێراندا تاقانە خاڵێک لەوانەیە بەس بێ.
هەموو ئەو سیستمانەی لە ئێراندا چ پاشایەتی و چ کۆمارییەکەی ئێستا لە دەسەڵاتدا بووبن، بڕیاری کۆتایی لای یەک تاکدا بووە؛ واتە شا یان ڕێبەر (ویلایەتی فەقیە) دەسەڵاتی سەرتر لە هەموو یاسایەکی وڵات بوون و بڕیاری کۆتایی بۆ هەموو پرسێک لای تاکەکەسێک بووە.
ئەم بڕیاردەرییە لە سیاسەت، ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە بگرە تا دەگاتە سەرەتاییترین مافی تاکەکەسیی وەک جلوبەرگ بەپێی حەزی کەسی یەکەمی دەسەڵات بووە.
لە سەردەمی پاشایەتیدا ڕەزاخان بە زۆرەملێ جلوبەرگی نەریتی و سەرپۆشی لە ژنان و کڵاوی نەریتیی لە سەر پیاوان داماڵی و ئەوەی پێی باش بوو بەسەریانیدا سەپاند.
ڕاست بەپێچەوانەی ڕەزاخان، چەند دەیە دواتر ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە زۆرەملێ ژنانی ناچار بە خۆداپۆشین کرد و بەربەستی بۆ لەبەرکردنی بەشێک لە جلوبەرگی پیاوان دانا؛ بەڵام کردەوە و سیاسەتی دیکتاتۆرانەی ڕێژیمەکانی ئێران تەنیا لە بواری ئازادییە تاکەکەسییەکاندا نەبووە.

لەڕاستیدا کردەوەی دەوڵەتەکان بەرامبەر جیابیر و چالاکانی سیاسی و مەدەنی سەرتۆپی کردەوەی دیکتاتۆرانە بووە. واتە هیچ جیابیر و چالاکێکی سیاسی و مەدەنی لە دەرەوەی بازنەی ئایدیۆلۆژیی دەسەڵات، پارێزراو نەبوو و بە هەزاران و بگرە دەیان هەزار مرۆڤی جیابیر بوونە پێخۆری دێوەزمەی دەسەڵاتی دیکتاتۆر.
بە لەبەرچاوگرتنی ئەم خاڵانە و بەرهەمەکانی، هەر دەبێ چاوەڕێی وڵات و کۆمەڵگایەکی لەمشێوە داڕووخاو بین کە دەکرێ بگوترێ هۆکاری مایەپووچیی ئەو وڵات و کۆمەڵگا لە نزیک بە هەموو بوارەکانی ژیاندا، سیاسەتی دوژمنکارانەی هەموو دەوڵەتەکانی دەسەڵاتداری تاران بووە بەرامبەر مرۆڤایەتی و بەتایبەت ئەویدی و بەرهەمەکەی ئێستا کەوتووەتە داوێنی هەموو تاکەکانی دەرەوەی بازنەی گرێدراوی دەسەڵاتداران.

**هۆکاری مایەپووچیی ئەو وڵات و کۆمەڵگا لە نزیک بە هەموو بوارەکانی ژیاندا، سیاسەتی دوژمنکارانەی هەموو دەوڵەتەکانی دەسەڵاتداری تاران بووە بەرامبەر مرۆڤایەتی و بەتایبەت ئەویدی و بەرهەمەکەی ئێستا کەوتووەتە داوێنی هەموو تاکەکانی دەرەوەی بازنەی گرێدراوی دەسەڵاتداران**

لە یەکەم ڕۆژەکانی بەدەسەڵات گەیشتنی ڕێژیمی هەنووکەیی واتە کۆماری ئیسلامی، چوارچێوەکانی ژیان بەرتەسک کراوە و بەشێوەی سیستماتیک دژایەتی بەرامبەر زانست و لۆژیکی ژیان دەستی پێکرد.
دەسەڵات بۆ بەربەستدانان لەبەرامبەر هەمەڕەنگی و تاراندنی پێکەنین و سڕینەوەی کەیفخۆشی لەنێو کۆمەڵگادا، هەموو ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و ئایین و کولتوور و چەک و داپڵۆسینی بەکار هێنا تاکوو بەپێی شەریعەتی داڕێژراوی هزری ویلایەتی فەقیە، کولتوورێکی ڕەشپەڕەست بڕەو پێبدات.
لەڕاستیدا ئەو سیاسەتەی ڕێژیم بۆ نزیک دوو دەیە سەرکەوتوو بوو و ڕێژەیەکی زۆری کۆمەڵگا نائاگا لە داهاتوو، فریوی سیاسەتی دەسەڵاتدارانیان خوارد و ئەمەش بووە هۆی دارمانی باری دەروونیی کۆمەڵگا. کاتێ باری دەروونی و کولتووریی کۆمەڵگایەک لاواز دەبێ یان دارمان بەخۆیەوە دەبینێ، تەنانەت ئەگەر ڕێژەکەیشی بە نیوەی کۆمەڵگایش نەگات، دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی دەیان جۆری دیاردەی دزێوی کۆمەڵایەتی و گەندەڵیی ئابووری و ئەخلاقی. لە ئێرانیشدا ئەم تایبەتمەندییە وەڕاست گەڕاوە و بەپێی ئاماری دەرەکی و نێوخۆیی، ئێران و ئێرانییەکان لە زۆربەی بوارەکانی وەک سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، ئایینی و هەموو ئەو بوارانەی گرێدراوی ژیانی مرۆڤە، لەباری نەرێنییەوە بەردەوام لە ڕیزی دە وڵاتی داڕووخاوی جیهاندایە.
کۆمەڵگای ئێران تەنیا بە دیتن و بیستنی ئەم ئامارانە و خۆهەڵسەنگاندن لەگەڵ کۆمەڵگا پێشکەوتووەکاندا، بە بێ ئیرادە تووشی خەمۆکی و داڕووخانی هیوا دەبێ.
کاتێ زۆرینەی ئەندامانی کۆمەڵگایەک تووشی دۆخێکی لەم چەشنە دەبن، هەموو هەنگاوەکان بۆ پێشکەوتن ئەگەر نەوەستێ، زۆر شل دەبێتەوە. لەم دۆخەدا ڕەوتی ڕووخانی دەروون و ژیان لە کۆمەڵگادا خێرایی پاتەوپات بەخۆیەوە دەبینێ.


ئەگەر باس لە ئێستای کۆمەڵگای ئێران و دۆخی ژیان لەو وڵاتەدا بکرێ، بێ پێچوپەنا دەبێ لە لێواری دارمان بۆ نێو گۆڕێکی تاریک وێنا بکرێ. دەسەڵاتدارانی وڵات هەموو سنوورەکانی نائەخلاقی و دژەمرۆییان بڕیوە.
قەیرانی سیاسی و کوشتن و ئێعدامیان کردووەتە پێخۆری ڕۆژانەی دانیشتووانی ئەو وڵاتە. پێوەندیی ئابووری لەگەڵ دنیای دەرەوە تا نزمترین ئاستی لاواز دابەزیوە. سیاسەتی دوژمنکارانە لەگەڵ وڵاتانی دیکە و بەگشتی بەرامبەر مرۆڤایەتی هەموو چوارچێوەیەکی بەزاندووە.
هەر بە هۆی ئەو کردەوانەوە ڕێژیم کەوتۆتە بەر ڕقی دنیای ئازاد و هەموو سەرچاوەکانی پێوەندییان خراوەتە ژێر گەمارۆ. گەمارۆ بووەتە هۆی هەڵاوسانی لەناکاو و درێژماوە.
دراو بایەخی تا ئاستی بێبایەخترین دراوی وڵاتان دابەزیوە.
گرانی تەنگی بە خەڵک هەڵچنیوە و لە بەرامبەردا ئەم دۆخە بۆتە هۆی خێر و بەرژەوەندی بۆ دەسەڵاتداران و کەسانی نێو بازنەی خودییەکان.
نرخی هەموو پێداویستییەکان بەتایبەت ماڵ و زەوی و ماشین بە شێوەیەکی باوەڕپێنەکراو بەرز بووەتەوە.
پێداویستیی خۆراک لە دوو ساڵی ڕابردوودا نەک چەند قات گران بووە، تەنانەت لە بازاڕیشدا نەماوە. بەشێکی بەرچاوی مادده سەرەکییەکان لە دەرەوە هاوردە دەکرا و ئێستا بەهۆی بوونی گەمارۆی سەر بانک و دراو، دابین ناکرێ و ئەگەریش لە هەر ڕێگایەکەوە بسەنرێ، ناتوانن هاوردەی نێو وڵاتی بکەن. لێرەدا گوشاری دەروونی بە هۆی سیاسەتی بەڕێوەبەریی وڵات و گوشاری ئابووری هاوکات بکرێتەوە، دەردەکەوێ دۆخی ژیانی دانیشتووانی ئێران چۆنە.
تاکێکی کۆمەڵگا بیر دەکاتەوە لەوەی ماڵەکەی بە هۆی هەڵاوسانەوە ئێستا بایی چەند میلیاردە، بەڵام ناو ماڵەکەی بەش چەند ڕۆژ ماددەی خۆراکیی تێدا نییە و پارە بە دەستییەوە نەماوە تاکوو بیکڕێ یان ماشینەکەی بایی چەند سەد میلیۆن تمەنە و توانای کڕینی بەنزینی لیتری سێ هەزار تمەنی نییە بۆی؛ بۆیە لەگەڵ کۆمەڵگایەکی میلیۆنەر بەرەوڕووین کە برسییەتی و هەموو ئەمانەش لە بوونی دەسەڵاتێکی دیکتاتۆر و فاشیستدا سەری هەڵداوە.

# پێشێلکردنی کەرامەتەکان

ڕووش

کەرامەت گرینگترین خاڵی جیاکەرەوەی نێوان مرۆڤ و ئاژەڵە؛ واتە ئەو لایەنەی کە دەتوانێ مرۆڤایەتی پێناسە بکات و مرۆڤ جیا بکاتەوە لە ئاژەڵەکانی تر کە لە ژیانیاندا پرسێک بەم ناوە بوونی نییە. بەم پێیە ئەگەر لە کۆمەڵگایەکدا ئەم خاڵە جەوهەرییە کە دەکرێ وەک فەلسەفەی بوونی «ئینسان» ناوی لێ ببردرێ، نەمێنێ یان کاڵ ببێتەوە، دەبێ چاوەڕوانی زۆر ڕووداو و پێشهاتی تاڵ و ناخۆش ببین. ئەمە ئەو حاڵەتە نەشیاوەیە کە لە ئێرانی ژێردەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا بە زەقی دەبیندرێ و سیستمی زاڵ ساڵانێکە بێ لەبەرچاوگرتنی کەرامەتی مرۆڤەکان، مافەکانیان پێشێل دەکات و خراپتر لە ئاژەڵە وەحشییەکان بەر دەبێتە گیانی هاووڵاتییان و ئینسانەکانی نیشتەجێ لەو جوغرافیایە کە زاڵە بەسەریدا.
لە ڕۆژانی ڕابردوودا چەند نموونەیەکی بەرهەست لەمبارەوە هاتنە ئاراوە کە دیتنی دیمەنە تۆمارکراوەکان و بڵاوکردنەوەیان لە دنیای مەجازی ناخی هەر مرۆڤێکی بەویژدان و خاوەن کەرامەتی هەژاند.
میهرداد سێپێهری خەڵکی شەهرەکی حوجەتی مەشهەد سەر بە پارێزگای خۆراسانی ڕەزەوی پاش دەسبەسەرکرانی لەلایەن هێزە بەناو ئینتزامییەکانی ڕێژیم لەم شارە و بەستنەوەی بە مێڵەیەکی سەر شەقام لەوپەڕی وەحشیگەری و بە هۆڤانەترین شێواز پەلاماری دەدرێتێ و چەندین جار بۆ ماوەی ٤٥ خولەک بە شۆکێری بەرقی و سپرەی بیبار و لەبەرچاوی ڕای گشتی ئازار درا و دواجار لە کاتی گواستنەوەی بۆ نەخۆشخانە گیانی لە دەست دا! هەڵبەت وەک لە هەواڵەکاندا بڵاو کراوەتەوە ناوبراو بەم ئەشکەنجانە و بەم سووکایەتی پێکردنانە گیانی لەدەست نەداوە بەڵکوو لە کاتی گواستنەوە و لە نێو ماشینی پۆلیسدا، کە وەک دەڵێن قەرارە پارێزەری گیان و ماڵی خەڵک بێت! دەدرێتە بەر لێدان و ئاسەواری لێدانەکەش بە جەستەیەوە دیارە، کوژراوە.
جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی و گۆپاڵبەدەستەکانی بەوەندە نەبەستراوەتەوە و هەر هەمان ڕۆژ گەنجێکی خەڵکی گوندی ١٢ئیمامی مەسجد سولەیمان پاش ئەوەیکە تاقمێک بەسیجی، هەوڵی تاڵانکردنی مەڕوماڵاتەکەی دەدەن لێیان وەجواب دێت تاکوو پارێزگاری لە مڵک و ماڵی خۆی بکات بەڵام دەدرێتە بەر هێرشی بێبەزەییانە و بە چەکی کلاشینکۆف کە هی ئەندامانی بەسیجی ناوچەکە بووە دەکوژرێ.
لەلایەکی تریشەوە ویدیۆیەک لە شاری ئەسفەراینی پارێزگای خۆراسانی باکوور بە ڕێکەوتی ١ی خەزەڵوەر بڵاو کراوەتەوە کە تێیدا بەناو پۆلیسی ئەم شارە پاش ڕاوەدوونانی لاوێک لە یەکێک لە شەقامەکانی ئەم شارە و تەقە و برینداکردنی، لێی دەدەن و بێڕێزی پێ دەکەن! لە گرتەویدیۆییەکی تریشدا لە ئابادان دیتمان کە ژنێکی لاو کە پێشتر کارمەندی پاڵاوگەی نەوت بووە لەلایەن بنەماڵەیەکەوە کە وەک باس دەکرێ بە هۆکاری کۆمەڵایەتی، دەسدرێژی دەکرێتە سەری و یەکێک لە پاسەوانەکانی ئەم پاڵاوگە زۆر وەحشیانە و بەدوور لە هەر چەشنە پرەنسیپێکی ئەخلاقی و دوور لە ڕەوشتی ئینسانی هەوڵی دەسبردن بۆی و بێئەخلاقی دەدات. ئەم زنجیرە جینایەت و پێشێلکارییەی مافەکانی مرۆڤ لە ئێران و لە ماوەی تەنیا چەند ڕۆژدا لەلایەن کۆماری ئیسلامی و دامەزراوە سەربازییەکانی لە کاتێکدایە کە ئەم ڕێژیمە هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکارییەوە خۆی وەک پارێزەر و داکۆکیکاری مافەکانی ئینسان و کەرامەتیان دەناساند و ئەگەرچی هەر لە سەرەتاوە بۆ بەشێک لە خەڵکانی ئێران دیار بوو کە ئەوان بەڕاستی ناتوانن ئەم ڕۆڵە بگێڕن بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تێپەڕینی زەمەن، زیاتر و زیاتر ئەم ڕاستی و کەتوارەی بۆ جیهان نیشان دا. ڕوونە کە هیچ چاوەڕوانییەکی ئەوتۆ لە کۆماری ئیسلامییەک بەو ناسییاوییەوە کە هەمانە لەسەری لەئارادا نییە و بۆ هەموو مرۆڤێکی ئازادبیر ئاشکرایە کە کۆماری ئیسلامی بەپێچەوانەی بانگەشە و ئیدعاکانی، ئەو نیزامە نییە کە تێیدا مرۆڤ ئاسایش و ئارامی هەبێ و ئەگەر جارناجارێک و لەکاتی ڕوودانی حاڵەتێکی وەک کوژرانی جۆرج فلۆید لە ئامریکا کەسێکی وەک خامنەیی دێتە سەر هێڵ و دڵسۆزی و خەمخۆری دەنوێنێ تەنیا باری تەبلیغی و پڕوپاگەندایی هەیە. ئەگەر وانییە بۆچی عەلی خامنەیی لەکاتی بێڕێزی کردنی پۆلیسی چین بە ژنێک لەسەر شەقام نایەت و ڕەخنە لە دەوڵەتی هاوپەیمانی ناگرێت کە بۆچی وەها کردارێک بەرامبەر بە مرۆڤێک ئەنجام دەدات؟
ئەوەی ڕوونە کارنامەی پڕ لە شوورەیی کۆماری ئیسلامی دەری خستووە کە ئەوان ڕووی هەرچی جینایەتکاری مێژووە سپییان کردووە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نیگەرانییەک کە هەیە ئەوەیە کە خەڵکانی ئێران چییان لێ بەسەر هاتووە کە تەنیا بینەر و چاولێکەری وەها جینایەتگەلێکن؟ کۆبوونەوە بە دەوری ئەم جینایەتانە و وێنەگرتن لێیان و بەئاسایی سەیرکردنی ئەو بێڕێزییانە دەرخەری ئەو کەتوارە تاڵەیە کە لە ئەنجامی سیاسەتە دژەمرۆییەکانی ڕێژیم پێگە و شان و شەوکەتی مرۆڤانەی ئینسانەکان خەریکە بێبایەخ و کەمڕەنگ دەبێتەوە؛ کەمڕەنگبوون و کاڵبوونەوەی پێگەی مرۆڤەکان ئامانجێکی لەمێژینەی کۆماری ئیسلامی وەک سیستمێکی تۆتالیتێر و دیکتاتۆرە کە بەو شێوازە دەیهەوێ متمانەی گشتی یان متمانەی کۆمەڵایەتی، کە زامن و گەرەنتی هەڵنەوەشانەوەی بنیاتە کۆمەڵایەتی و ئەخلاقییەکانە، لەنێو ببات و گرێچنی ڕاستەقینەی کۆمەڵگا لەبەر یەک هەڵوەشێنێتەوە؛ کە لەڕاستیدا هەڵوەشاندنەوەی ئەم گرێچنە بەواتای لێکترازانی یاری و نۆڕمە کۆمەڵایەتییەکان و سازبوونی بشێوی کۆمەڵایەتی دێت کە لە ئەگەری هاتنەئارای دۆخێکی وەهادا، ڕێژیم دەبێتە براوەی گۆڕەپانەکە! چونکە کۆمەڵگا لە سەقامگرتووییەک کە دەتوانێ تێیدا مانا بەخۆی بدات دوور کەوتووەتەوە و ئەویش بە ئاسانی دەتوانێ دەست بۆ هەموو جمگەکان، ئەگەر تەنانەت هەستیارترینیشیان بێت، ببات بێ ئەوەیکە هیچ کەسێک متەقی لێوە بێ! کە ڕوونە بۆ نەهێشتنی هیچ چەشنە ناڕەزایەتییەک ڕووکەشێکی یاساییشی پێدەدات و بەمشێوەیە هەم دەستی بۆ جینایەتی زیاتر ئاوەڵا دەبێ و هەمیش ئەگەری ئێعتراز و ناڕەزایەتی گەیاندووەتە لانیکەمی خۆی و ئەگەر کەسێکیش لەو نێوانەدا بیهەوێ ئەم فێڵ و تەڵەکە هەڵوەشێنێتەوە بەناوی دژەیاسا و دژەنۆڕم و دژی دین دەگیرێ و سزا دەدرێ و کۆمەڵگاش چوونکە پێشتر لەباری ئەخلاقییەوە ئاست و پێگەی لاواز و نزم کراوە فریوی پیلانەکە دەخوات!

# ڕاهێنەری فێرگەیەک بۆ فێربوون




**وێنەی چوار کۆڵەکەی سامانی ئەرێنی ڕێکخراوێک، زەمینەیەکە بۆ ناساندن و ئاشنابوون بە ستراکچێری ڕێکخراو.**

مریەم عەلیپوور

**بەشی بیست و یەکەم**

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ تێڕوانین یان ڕوانگەی Pierre Bourdieu (لە بەشەکانی پێشوودا باس کراوە) لەسەر سامان دەتوانین بڵێین چەمکی سامانی ئەرێنی لەباری لۆژیکییەوە کۆمەڵێک سیفەت یان تایبەتمەندین کە مانایەکی ڕوونیان هەیە و گشتینە و لەسەر بنەمای ئەو پێناسەیە پۆلێنبەندی دەکرێن و بە چوار کۆڵەکەی گرنگ ناو دەبردرێن. ستراکچێری هەر ڕێکخراوێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی دەتوانێ لەسەر ئەو چوار کۆڵەکەیە دابمەزرێت.

**١. چت هەیە؟ سامانی ئابووری**
**٢. چ دەزانی؟ سامانی مرۆڤی**
**٣. کێ دەناسی؟ سامانی کۆمەڵایەتی**
**٤. کێی؟ سامانی دەروونناسی ئەرێنی**

### سامانی ئابووری:

ئابووری یەکێک لە کۆڵەکە گرنگەکانی هەر ڕێکخراوێکە. مەبەست لە ئابووری یانی هەبوونی بینا و باڵەخانە، دراو، ماشێن و مەکینە، تێکنۆلۆژی، کەلوپەلی خاو و کەلوپەلی تەواوکراو. بەگشتی توانای ماڵی و هەبوونی ماتریاڵ هەموو ئەوانە بە سامانی ئابووری ڕێکخراو دەستنیشان دەکرێن.

### سامانی مرۆڤی:

گەشەکردن و پێشکەوتنی سامانی ئابووری گرێدراوی سامانی مرۆڤییە. مەبەست لە سامانی مرۆڤی، پەروەردە و فێرکردن، زانست و زانیاری، ئەزموون، پسپۆڕی، ڕوانگە و ڕاوبۆچوون، متمانەی خەڵک، زانستی تەکنیکی، کارامەیی، هەموو ئەوانە سامانی مرۆڤین بۆ ڕێکخراو و نەتەوەیەک. لە دونیای ئێستادا ڕوانگە و زانست هۆکاری سەرەکینە بۆ زیادکردنی سامانی هەر ڕێکخراوێک و وڵاتێک.

### سامانی کۆمەڵایەتی:

لە زانستی کۆمەڵناسیدا گشت بەها کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگە بە چەمکی سۆسیال کاپیتاڵ Sosial kapital ناودەبردرێن کە هاوتای کوردییەکەی دەبێتە سامانی کۆمەڵایەتی. مەبەست لە سامانی کۆمەڵایەتی هاوپەیمانەتی، پەیوەندی باش، تۆڕی کۆمەڵایەتی، یەکیەتی، هاوڕێیەتی ، خزمایەتی و یەکگرتوویە. تیئۆری سامانی کۆمەڵایەتی لەسەر بایەخپێدان بە نۆرم و یاسا و ڕێساکانی شێوازی پەروەردەکردن و کولتوری بنەماڵەکانە و بەتایبەت لەپێوەندی لەگەڵ بەهاکان، گەورەکردن و خوێندنی منداڵان. خوێندن وەک سەرچاوەی سەرەکی بۆ سامانی کۆمەڵایەتی ناودێر دەکرێ. هەبوونی پێوەندی کۆمەڵایەتی هۆکارە بۆ: گەشەکردن و پتەوبوونی نۆرم و بەهاکان، کۆی بیروبۆچوونەکانی تاک سەبارەت بە دیاردەکانی دەوروبەر، ڕەوشت و کردەوەکانی تاک، یاساوڕێسا و نۆرمە گشتییەکان و هەروەها ڕایەڵکە یان تۆڕی کەسی (شەخسی ) یان ڕێکخراوەیی.

### سامانی دەروونناسی ئەرێنی:

مەبەست لە دەروونناسی چییە؟ هزر، هەست، چۆنیەتی کردەوە و هەڵسوکەوتەکانی مرۆڤە و ئەوانەی خوارەوە لەخۆ دەگرێت وەک: بیرکردنەوە، قسەخۆشی یان ڕووخۆشی، دژبەری یان دژایەتی کردن، خوو و ڕەوشت، هیوا و خەونەکان، گەشبینی، باوەڕ و متمانە بەخۆبوون، بەخشین، سپاسگوزاربوون، ئەمەگناسی، بەسفەت یان پێزانین و ... هتد. بۆ ئەوەی لە هزری مرۆڤدا وێنەیەکی ڕوون لەو چوار کۆڵەکەی ستراکچێری ڕێکخراو دروست بێت بڕوانە وێنەی خوارەوە.

هەر چوار بەشی کۆڵەکەی سامانی، گرنگی و تایبەتمەندی خۆیان هەیە چ بۆ ڕێکخراو و چ بۆ تاکەکەس. ئەو چەند ساڵانەی دوایی گەشەکردنێکی زۆر بەسەر هەر چوار کۆڵەکەی سامانیدا هاتووە بەڵام ڕێکخراوەکان دەبێ زیاتر بایەخ بۆ دەروونناسی ئەرێنی بدەن و زۆرتر لەسەر ئەو بەشە کار بکەن. لەبەر ئەوەی ئەو بەشە وەک سامانی دەروونناسی پێوەندی بە تاکەکانەوە هەیە و کاریگەری زۆری لەسەر بەشەکانی دیکە دەبێت. لەبەر ئەوەی بنەمای سامانی دەروونناسی کە پێوەندی بە تاکەکانەوە هەیە لەسەر ژیری، عەقڵ و لۆژیک، زانایی، دژبەری کردن، نەزم و دیسیپلین، ڕوانگە و تێڕوانین، بیرکردنەوە، دڵخۆشی، سپاسگوزاری، گەشبینی، هیوا و ئەمەگناسی دامەزراوە ئەوانەش بەشێوەیەکی زنجیرەیی کارتێکەرییان هەیە لەسەر بەشەکانی دیکە.

### ٥,٣ لێکۆڵینەوە لەسەر هەستە ئەرێنییەکان

لێکۆڵینەوەی زۆر لەسەر پێوەندی نێوان هەستە ئەرێنییەکان و ئاکامەکان کراوە. بەپێی ئەو لێکۆڵینەوانە دەرکەوتووە کە هەتا هەستەکانمان ئەرێنی بن باشتر و زووتریش بە ئاکامی باش و دڵخواز دەگەین. دەتوانین چۆنیەتی بارودۆخی نێوان هەستی ئەرێنی و ئاکامی ئەرێنی بە شێوەی خوارەوە باس بکەین وەک:

ـ بە هەبوونی هەستی ئەرێنی کاری باشتر و زۆرتر دەکرێ. هاوڕێیان یان هاوکاران باشتر و زۆرتریش یارمەتی یەکتر دەدەن، هەروەها سەرکەوتن و بە ئاکامی باش گەیشتن بە دەستکەوتی هەموان دەزانرێ.

ـ هەبوونی هەستی ئەرێنی لە نێوان کاربەدەستان یان ئەندامان، خۆی لە خۆیدا دەبێتە هۆکار بۆ ئەوەی کارگێڕ/ بەرپرس هەست بە بەرپرسایەتی زۆرتر و باشتر بکات و پێوەندی خۆی لەگەڵیان دۆستانەتر بکات.

ـ هەبوونی هەستە ئەرێنییەکان دەبنە هۆی نزیکبوونەوە لە خەڵک. هەستی ئەرێنی هۆکارە بۆ هاوکاری کردنی باشتر و دروست نەبوونی ناکۆکی و کێشە. هەروەها هۆکار دەبێ بۆ دۆزینەوەی ڕێگاچارە بۆ کێشەکان.

ـ ئەزموون نیشانی داوە بە هەبوونی هەستی ئەرێنی، هەستە نەرێنییەکان کەم دەبنەوە یان هەر نامێنن.

### ستراتیژی بردنەوە - بردنەوە

ستراتیژی بردنەوە - بردنەوە یەکێک لە ستراتیژییەکانی Thomas Gordon (١٩١٨ -٢٠٠٢)کە بە ڕەچەڵەک خەڵکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە و ئەو ستراتیژییە بە مێتۆدی Gordon ناوبانگی دەرکردووە و زۆرتر لە کاتی هەبوونی کێشە و ناکۆکی لە ناو ڕێکخراودا کەڵکی لێ وەردەگرن. لەو مێتۆدەدا دۆڕاوێک نابیندرێت(کەس دۆڕاو نییە) و کێشەکە لە سەر بنەمای دوو لایەنە و پەسەندکردنی ڕێگاچارەیەکی هاوبەش چارەسەر دەکرێت. بەڵام لە پرۆسەی ڕاهێنەریدا بە ستراتیژی سەرکەوتنی ڕێکخراو ناوبانگی هەیە و دەڵێن هەبوونی کەسانی خاوەن هەستی ئەرێنی، دڵخۆش و ڕووخۆش لە ناو ڕێکخراودا وەک ستراتیژی بردنەوە- بردنەوەیە بۆ ڕێکخراوەکە. لەبەر ئەوەی ئەو کەسانە سەرنجی خەڵک بۆ لای خۆیان و ڕێکخراوەکە ڕادەکێشن. ئەو کەسانە لە ڕێگای قسە و کردەوەکانی خۆیان کاریگەرییان لەسەر ئەندامانی نێو ڕێکخراودا دەبێت. بۆ گەیشتن بە ئامانجی ئەرێنی کار و کردەوەکانیان لەسەر بنەمای ستراتیژییەکی عەقڵانی ڕێک دەخەن. بەگشتی بەرژەوەندی ڕێکخراو لەلای ئەوان گرنگی تایبەتی هەیە. ئەو کەسانە لە لای هاوڕێکانیان، بەڕێوەبەر و خەڵکانی دەرەوەی ڕێکخراویش خۆشەویستن و جێگای متمانە و باوەڕپێکراون. زۆرتر بەشداری کۆبوونەوە و چالاکییەکان دەکەن. کەمتر خۆ لە وەرگرتنی ئەرک دەدزنەوە. هەروەها لە ژیانی کەسی (شەخسی ) شدا باشتر و زووتر دەتوانن پێوەندی و دۆستایەتی پێکبێنن. کارامە و یارمەتیدەرن. لە کارەکانیاندا سەرکەوتوترن و دەستکەوتی باش بۆ ڕێکخراو بەدی دەهێنن. هەر بۆیە لێکۆڵەران ئەو کەسانە وەک ستراتیژی بردنەوە- بردنەوە بۆ ڕێکخراو ناو دەبن. کەسانی خاوەن هەستی ئەرێنی زیاتر هەست بە تەندروستی و خۆشی ژیان دەکەن و هەردەم هەوڵ دەدەن ئاکامی کارەکانیان باشتر بێت و بەردەوام لە گۆڕانکاریدا بن، چ وەک تاک (شەخس) بۆ ژیانی کەسی خۆیان و چ وەک ئەندامی ڕێکخراوێکی سیاسی یان کۆمەڵایەتی. هەستە ئەرێنییەکان لە دوو گۆشەنیگای تیئۆرییەوە شرۆڤە دەکرێن، یەکەمیان وەک سەرچاوەن بۆ هەڵسوکەوت و دەستکەوتەکان و دووهەمیان بۆ گەشەدان بە هەڵسوکەوت و دەستکەوتەکان کە ئەوانەش پێوەندییان هەیە بە چوارچێوەی ڕەفتار و کرداری تاکەکان لە کۆمەڵگەدا.

### ٥,٤بنەماکانی کەسایەتی کەسەکان

Aristoteles فیلەسووفی بەناوبانگی یونانی دەڵێت: «مرۆڤ وەک تیرهاوێژێک وایە کە دەبێ شوێنی ئامانجەکەی دیار بێت تا سێرەی لێ بگرێت بۆ پێکانی.» لە پەراوێزی ئەو وتەیەی Aristoteles پرسیارێکی سەرەکی دروست دەبێت کە گرنگترین ئامێر یان کەرەستە کامانەن بۆ گەشەدان بە ژیانێکی خۆش و دروستکردنی هاوسەنگی لە نێوان عەقڵ و جەستەدا؟ Aristoteles بۆ جیاکردنەوەی پێکهاتەی عەقڵی لە پێکهاتەی جەستەیی بایەخی زۆری داوە بە بەشە هەستەوەرییەکانی مرۆڤ وەک: چۆن هەست دەکەین، چۆن گوێبیست دەبین، چۆن چێژ وەردەگرین، چۆن دەبینین، چۆن بیر دەکەینەوە و چۆن هەڵوێست دەگرین. ئەوانەش بە سەر دوو دەماردا دابەش دەبن وەک دەماری بزوێنەری و دەماری هەستەوەری، هەر بۆیە عەقڵ و جەستە کاریگەرییان لەسەر یەکتر هەیە. دەروونناسی ئەرێنی ئاماژە بە کەسایەتی، ڕاستی و ڕەوشت باشی مرۆڤ دەکات. لەو سۆنگەوە دەتوانین بڵێین کە پرۆژەی گرنگ لە دەروونناسی ئەرێنیدا، کارکردنە لەسەر کەسایەتی خۆت بۆ باشترکردنی کەسایەتیت بۆ گەشەدان بە هزر و تێڕوانینت کە ئەوانەش فاکتەرن بۆ خوێندنەوەی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان و بەکاربردنی توانا و لێهاتوویی بۆ گۆڕانکاری. بیرکردنەوەی ئەرێنی، ڕووخۆشی، خوو و ڕەوشتی باش، هیواداربوون، گەشبینی، باوەڕ و متمانە، شوکرانەبژێری، بەچاکەزانین و بەخشین هەر یەک لەوانە، کارتێکەری خۆیان لەسەر هەبوونی ژیانێکی خۆش و ناخۆش هەیە و دەبێ گەشەیان پێ بدرێ. Aristoteles زۆر سەرقاڵی هەبوونی هاوسەنگی « هەموو شتێک مامناوەندی بێت» بووە، و پێی وابووە مرۆڤ دەبێ کەسێکی نەترس و بەغیرەت بێت نەک مرۆڤێکی بێ ئیرادە و ترسنۆک. Aristoteles دەڵێت: زۆر ئاسانە مرۆڤ تووڕە بێت! بەڵام لە کەسێک تووڕە بێت کە شایانیەتی و لە کاتێکی گونجاویشدا تووڕە بێ و بە شێوازی دروست و لۆژیکی تووڕەبوونیش کارێکی ئاسان نییە.

Winston Churchill (١٨٧٤– ١٩٦٥)سیاسەتمەدار و نووسەری ئینگلیزی کە بە باوکی پارلمان لە بەریتانیا ناوبانگی دەرکردووە دەڵێت: «بوێری و ئازایەتی شتێکە کە دەبێتە هۆکاری ئەوەی مرۆڤ بتوانێت هەستێتە سەرپێ و قسە بکات یانی بتوانێت بۆچوونی خۆی دەرببڕێت. هەروەها هۆکارە بۆ ئەوەش کە مرۆڤ بتوانێت دانیشێت و گوێ ڕابگرێت.››

### هەستە ئەرێنییەکان

هەستە ئەرێنییەکان کاریگەری سەرەکییان هەیە لە پێناسەکردنی دۆخی کۆمەڵایەتی مرۆڤ. دژبەری و کردەوەکانی تاک دەبن بە بابەتێک و لە ناو پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا ڕەنگدانەوەیان دەبێت. بەشێک لە کۆمەڵناسان، «تاک»وەک بەرهەمێکی کۆمەڵایەتی پێناسە دەکەن و هەربۆیە دەڵێن هەر چەندە تاکەکان هەستی ئەرێنییان هەبێت ئەوەندەش کۆمەڵگەکە ئەرێنییە و ژیان کردنیش لە کۆمەڵگەیەکی ئەرێنیدا مانا و خۆشی تایبەتی خۆی دەبێت. بەپێی لۆژیک و بەڵگەکانی کۆمەڵناسان هەر یەک لە «تاک و کۆمەڵگە»بۆ گەشەکردنی کۆمەڵایەتی کارتێکەرییان لەسەر یەکتر هەیە.

### چڕبوونەوەکان

چڕبوونەوە لەسەر هەڵەکان و کەموکورتییەکان دەبنە هۆکار بۆ دروستبوونی هەستە نەرێنییەکان، هەستە نەرێنییەکانیش دەبنە هۆکاری دروستبوونی ترس و لەدەستدانی ئیرادە. کاتێک مرۆڤ بێ ئیرادە و ترسنۆک بوو لە بەرامبەر کێشەیەکی بچوکدا یان هەڵدێت یان بەچۆکدا دێت. چڕبوونەوە لەسەر توانا و لێهاتوویی، هۆکارن بۆ ئەوەی مرۆڤ: وزەی زیاتر بێت، زیاتر بەشداری چالاکی بکات، گوشاری کەمتری لەسەر بێت، زیاتر لە چالاکییەکانی خۆی و دەستکەوتەکانی ڕازی بێت، هەست بەخۆشی زیاتر بکات، لە قسەکردندا چالاکتر بێت، زیاتر هەوڵ بدات بۆ گەیشتن بە ئامانج و دەستکەوتی باشتر، گۆڕانکاری و گەشەکردن بەلایەوە کارێکی ڕۆژانە و بەردەوام بێت، تێڕوانین و بیرکردنەوەکانی چ لەسەر خۆی و چ لەسەر کەسانی دیکەش ئەرێنیتر بێت.

# بەڵێ بۆ پشتیوانی لە هەنگاوە سیاسی و شۆڕشگێڕییەکانی حیزبی دێموکرات



محەممەد سلێمانی

پێشمەرگەی کوردستان هەر کوێی پێخۆش بێت لەوێیە و باکی لە دوژمن نییە و بە چەکێکی سادە و بیروباوەڕێکی شۆڕشگێڕانە دڵی ڕێژیمی تاران دەکوڵێ و لە ئاستی ورەی بەرز و شێرانەیدا، دەسەڵاتی ئاخوندی هەست بە داماوی و شەرمەزاری دەکات کە ناتوانێت خەڵک و پێشمەرگە لەیەک دابڕێنێت و پێش بە ڕەوتی تێکۆشانی بگرێ.

شەپۆلی تێکۆشان و چالاکییە سیاسی و تەشکیلاتییەکانی کادر و پێشمەرگە قارەمانەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەدژی مەترسیدارترین ڕێژیمە داگیرکەر و دژەئازادی و مافە نەتەوەییەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، بەهێزتر و ڕێکخراوتر خۆی دەرخستووە و بە بوون و حزووریان لە نێو خەڵکدا، سەلماندوویانە کە کوردستان جگە لە ڕۆڵەکانی خۆی، پەنای خۆفرۆش و داگیرکەران نادات.

خەون و خەیاڵی گڵاوی ڕێژیم و خاك و خەڵکفرۆش و جاشۆلکەکان کە چڵپاوخۆری ڕێژیمی ئاخوندین و خەیانەتیان لە گەل و وڵاتی خۆیان کردووە، دەمێك بوو دڵی خۆیان دەدایەوە کە تازە کادر و پێشمەرگەی کوردستان بە هیچ جۆرێك ڕێگای گەڕانەوەیان بۆ نێوخۆی کوردستانی ڕۆژهەڵات پێنادرێ و سنوورەکانیان بە باشی تەنیوە و ناهێڵن بگەڕێنەوە باوەشی گەل؛ بەڵام دەرکەوتن و چالاکییەکانی ئەو جارەی کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات نیشانی دا کە هەتا کوردێك مابێ و حیزبی دێموکرات ڕێبەری بکات، بەرخۆدانی سیاسی و شۆڕشگێڕی هەروا درێژەی دەبێت و خەڵکی کوردستان ئەو جووڵانەوەیە بە هی خۆیان دەزانن و بە تەواوی خاوەنداری لێ دەکەن و ڕۆڵەکانیان بە باشترین شێوەی موومکین یارمەتی و هاوکارییان دەکەن و دەیانپارێزن.

بێگومان هەڵسووڕانی لەو شێوەیە نیازی بە خۆڕاگری و شەهامەتی سیاسی و چەکداری و بە وردەکاری و نهێنی کاری تەواو هەیە و پێویستە بە جۆرێکی ئەوتۆ درێژە بە جەولە سیاسی و تەشکیلاتییەکانیان بدەن کە بەردەوام سەر لە هێزەکانی دوژمن بشەوێنن و ڕێگا نەدەن بە سانایی بکەونە داوی سیخوڕ و خائینانی کوردستانی ڕۆژهەڵات و زیانیان پێ بگاتەوە.

چەخماخەی ئەو جارەی خەباتی سیاسی لەو بەشەی کوردستاندا، بەدڵنیاییەوە لە ئامانجەکانی زیاتر نزیکی دەخاتەوە و شەپۆلی هاوکاری و پشتیوانی خەڵك لە ڕۆڵەکانیان زیاتر دەسەڵاتداریی تاران هەراسان و بێ ئامان کردووە و لەوەی تووڕن کە ناتوانن بەتەواوی کۆنتڕۆڵی سیاسی و نیزامی کوردستانی ڕۆژهەڵات بکەن، ئەویش سەرەڕای ئەو هەموو هێزەی کە لەوێ مۆڵی داون.

بە گوێرەی کۆمەڵێك سەرچاوەی نێوخۆیی، جاش و خۆفرۆشانی هەرزانمایە کە لە سووکی خۆیانڕا سەیری نیشتمان دەکەن لەو شار و ناوچانەی کە پێشمەرگەی شار و شاخ هەڵسووڕانی سیاسی و تەشکیلاتیان دەست پێکردووە، ئۆقرەیان لێ هەڵگیراوە و تەنانەت لە سێبەری خۆشیان دەسڵەمێنەوە و ترس و خۆف بەتەواوی بەسەریاندا زاڵ بووە و ئیدی ئێستا شتێك نییە خۆی پێ هەڵکێشن.

بەڵام ئەوەش بەو مانایە نییە کە تێکۆشەرانی شار و شاخ زیاتر خۆیان دەربخەن و ڕێوشوێنی وردی هەڵسووڕانی خۆیان بە لاوە بنێن، بۆ ئەوەی دەرفەت بە ڕێژیم بدرێت شوێن پێیان هەڵبگرێ و زیانیان پێ بگەیەنێ و نهێنیکاری و تاکتیکی جووڵە و جێگۆڕکێکردنی بە بەرنامە و هێندێك جار خۆبزرکردنی ماوەدرێژ و خۆنیشاندانی سەرلەنوێ، بەدڵنیاییەوە دەتوانن زیاتر لە کار و چالاکییەکانیان بەردەوام بن و سەر لە دوژمن بە تەواوی بشێوێنن.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە دەستپێکردنی ئەو شێوە خەباتە و لێکگرێدانی خەباتی شار و شاخ لە هەلومەرجی ئێستادا، بێگومان هێزێکی گەورەی بەو بزووتنەوە ڕزگاریخوازییە بەخشیوە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا و گەلی کوردی لە نائومێدبوون و بێ هیوایی بە دواڕۆژی خەباتی سیاسی و نەتەوەیی دەرهێناوە و ئەو هیوایەی لە نێو دڵاندا چاند کە گەل و پێشمەرگە پێکەوە دەتوانن دژی حکوومەتی تاران خەباتێکی هاوبەشی بێ وێنە بەڕێوە بەرن.

کاتێك کادر و پێشمەرگەکانی حیزب لەخۆبوردووانە و چاونەترسانە لە دۆخێکی وەك ئەمڕۆ کە هەستیارییەکی کەموێنەی سیاسی و سەربازی هەیە، لە نزیکەوە پەیوەندی لەگەڵ خەڵك دەگرن و لە باوەشی گەلدان، ئەو کارە زیاتر دەبێتە مایەی یەکگرتوویی و بەهێزتربوونی پێکەوەیی خەبات واتە: خەباتی شار و شاخ و هەوێنی کۆکردنەوە و ڕێکخستنی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە ڕیزەکانی خۆیدا.

کاتێك گەلێك بە ئازادی و سەربەستی خۆی دەگات، کە پەیڕەوی ستراتیژی سیاسی و نەتەوەیی شیاو بکا و لە بەهێزبوونی دوژمن بێباك بێ و بەردەوام خاڵە لاوازەکانی بە ئامانجی شۆڕشگێڕانەی بگرێ و ڕێگای خۆی گرتنەوەیان پێنەدات.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە درێژایی مێژووی سیاسی، زۆر ژیرانە هەموو جارێ هاتۆتەوە نێو مەیدان و بە درێژەپێدانەوەی ڕەوتی خەباتی سیاسی و نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا گڕوتینێکی تازەی بە خەبات بەخشیوە و هەوێنی ڕێکخستن و ڕێنیشاندانی گەل بووە لە پێناوی ڕزگاری نەتەوەییدا.

بە بیرتیژی و ڕوانینی ژیرانەی ڕێبەریی حیزب سەبارەت بە بارودۆخی سیاسیی ئێران و کوردستان و قەیرانی ڕێژیمی تاران و دروست بوونی گوشاری نێودەوڵەتی و ناوچەیی و نێوخۆیی لەسەر ئەو ڕێژیمە، بڕیاری سیاسی و مێژووی خۆی داوە کە لە نوێترین نموونەیدا بە دەست پێکردنەوەی تێکۆشانی سیاسی و چەکداری لە ژێرناوی ڕاساندا، هیوای نوێی لە دڵی گەلی کورددا چاندەوە و ئەمڕۆ خەڵکی کوردستان هیوای لەسەر بزووتنەوەی سیاسی و شۆڕشگێڕی ڕاسان بە تەواوی هەڵچنیوە.

دەسەڵاتی تاران بە هەموو شێوەیەك بۆ لەنێوبردن و لاوازکردنی ئەو هێزە و ڕێبەرەکانی کاری کردووە و بە داخەوە بۆ هۆی پیلانی تیرۆریستی ئاخوندە بڕیاربەدەستەکانی تاران، ڕێبەرانی وەك دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندییان تیرۆر کردن بۆ ئەوەی جووڵانەوەی کورد ئەگەر نەشتوانن لە نێوی بەرن بە تەواوی لە پێی بخەن.

کەچی حیزبی دێموکرات هەروەك ڕابردوو لە سەر ڕەوتی تێکۆشانی خۆی بەردەوام بووە و بە هۆی نفووزی سیاسی کە لە نێو خەڵکدا هەیەتی، دەسەڵاتی تاران ئێستاش وەك مەترسی گەورە لە سەر داهاتووی خۆی دەیبینێ و لە هیچ کردەوەیەکی دژی گەلی و سیاسەتی ستەمکارانە بە دژی جووڵانەوەی سیاسی کورد و بە دیاریکراویش حدکا درێغی نەکردووە، بەڵام ئەو هێزە تێکۆشەرەی کوردستان بەهۆی سیاسەتی دروست و نەتەوەیی ڕۆژ بە ڕۆژ بەهێزتر و پەرەگرتووتر دەبێت.

لە پاش هەڵگیرسانەوەی خەباتی نوێی ڕاسان، وێڕای ئەو نرخ و بەها گەورەیەی کە لە پێناویدا بەخشی، بەڵام حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە هاوکاری و پشتیوانی خەڵکی کوردستان و ڕۆڵەکانی گەلی کورد لەسەر پەرەپێدان و بەرەوپێشبردنی ئەو بزووتنەوە تازەیە بەردەوام بووە و ڕێبەرییەکەی هەوڵ دەدات زۆر بە ژیری و لێهاتوویی سیاسی و تەشکیلاتی ئەو قۆناخە مێژووییەی تێکۆشانیش بەدژی ڕێژیمی ئاخوندی بە سەرکەتوویی ببڕێت و ڕێگای ئازادی و سەربەستی نەتەوەیی پیشانی خەڵك و کۆمەڵگای کوردستان بدات و هاوخەباتی و یەکگرتوویی سیاسی بەرهەم بێنێت.

حیزبی دێموکرات وەك هێزێکی مەسئول و بە پرەنسیپ لە مەیدانی خەباتدا، پاش هەڵسەنگاندن و تێڕامانی وردی لە بابەت مەسەلە سیاسی و تەشکیلاتییەکان، بەرنامەی هەمەجۆر و گشتگیری بۆ درێژەدان بە خەباتی سیاسی دارشتووە و بە لێدان و بەرکەوتن نائومید نەبووە و نەتاساوە و ئەژنۆی خەمی بەفرمێسکەوەی لە باوەش نەگرتووە.

بە ڕێگای بەردەوامیدان بە خەبات و خۆڕێکخستنەوەی لە مەیدانی بەکردەوەدا و ڕوانینی جەوهەریان سەبارەت بە دۆخی سیاسی وڵات و بەرزبوونەوەی ئاستی وشیاری سیاسی و کۆمەڵایەتی خەڵکی کوردستان، هەر وەك هەمیشە پیلان و ستەمکارییەکانی حکوومەتی ئاخوندی ئێرانی بەدژی جووڵانەوەی کورد و مافی سیاسی گەلان پوچەڵ کردۆتەوە و داوای لە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کردووە، یەکگرتووانە بە دژی دەسەڵاتی تاران دەست بە چالاکییە جۆربەجۆرەکان بکەن و بە هێزی گەل و ڕاپەڕینی فراوانی جەماوەری ئەو دەسەڵاتە دادەڕمێت.

گەشەکردن و بەهێزبوونی زیاتری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بەر لە هەر شتێك سەرەتا پێویستی بە یەکڕیزی و یەکیەتی ڕێکخراوەیی سیاسی و تەشکیلاتی هەیە و سەرەڕای جیاوازی و فرەڕەهەندی لە نێو حیزبدا، گرینگە هەموو لایەك بەگشتی پابەندبوونی خۆیان بە سیاسەت و ستراتیژی حیزب بپارێزن و ڕێگا نەدرێت نەیاران و دژبەرانی حیزب دڵخۆش بن و لە خاڵە جەوهەری و نەتەوەییەکان دوورمان بخەنەوە و میحوەری خەباتی خۆمان کە دژی دەسەڵاتی تارانە بەلاوە بنێین.

کاتێك هێزێکی شۆڕشگێڕی سیاسی و نەتەوەیی وەك حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەتەواویی لە مەیدانی خەباتدایە و پەیوەندییەکی پتەو و بەهێزی لە نێوان گەل و خۆیدا دروست کردووە، بەدڵنیاییەوە ڕەخنەی لەسەر دەبێ و دڵسۆزان و خەڵکی نەتەوەیی بۆ بەهێزتربوونی ڕەخنەی لە سەر جووڵە سیاسی و تەشکیلاتییەکانی لێدەگرن کە ئەوەش سروشتی خەباتی سیاسی و ڕێکخراوەیی ئەو حیزبەیە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران نیازی بە خەڵکی زۆر لەوەی زیاتر هەیە و نە کەسی لێ زیادە و نە لە کەس بێزارە ، بەڵکوو ئەو جووڵانەوە سیاسییەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە قۆناخی ئێستا و پاش ڕزگاری کوردستانیش، بێگوومان نیازی بە پشتیوانی و هاوکاری و هاوخەباتی بەشێکی زۆر لەوەی زیاتری دەبێت بۆ بەڕێوەبردنی حیزب و ئیدارەی سیاسی وڵات و با هەر لە ئێستاوە لە سەر ئەو ڕەهەندە سیاسی و تەشکیلاتییە کار بکەین بۆ زیاتر بەهێزبوونی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران.

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە دەستپێکردنی ئەو شێوە خەباتە و لێکگرێدانی خەباتی شار و شاخ لە هەلومەرجی ئێستادا، بێگومان هێزێکی گەورەی بەو بزووتنەوە ڕزگاریخوازییە بەخشیوە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا و گەلی کوردی لە نائۆمێدبوون و بێ هیوایی بە دواڕۆژی خەباتی سیاسی و نەتەوەیی دەرهێناوە و ئەو هیوایەی لە نێو دڵاندا چاند کە گەل و پێشمەرگە پێکەوە دەتوانن دژی حکوومەتی تاران خەباتێکی هاوبەشی بێ وێنە بەڕێوە بەرن**

**لە پاش هەڵگیرسانەوەی خەباتی نوێی ڕاسان، وێڕای ئەو نرخ و بەها گەورەیەی کە لە پێناویدا بەخشی، بەڵام حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە هاوکاری و پشتیوانی خەڵکی کوردستان و ڕۆڵەکانی گەلی کورد لەسەر پەرەپێدان و بەرەوپێشبردنی ئەو بزووتنەوە تازەیە بەردەوام بووە و ڕێبەرییەکەی هەوڵ دەدات زۆر بە ژیری و لێهاتوویی سیاسی و تەشکیلاتی ئەو قۆناخە مێژووییەی تێکۆشانیش بەدژی ڕێژیمی ئاخوندی بە سەرکەتوویی ببڕێت و ڕێگای ئازادی و سەربەستی نەتەوەیی پیشانی خەڵک و کۆمەڵگای کوردستان بدات و هاوخەباتی و یەکگرتوویی سیاسی بەرهەم بێنێت**



# توانیم شەرافەتمەندانە بژیم و بە ویژدانێکی ئاسوودەوە بمرم!

## سۆزی یاران بۆ شکۆی شێعری ڕۆژهەڵات

ئارام مەلەکشا
بۆ مامە

هەستە ...
مامە دەهەستە،
باخەوانەکەی نیشتمان دەهەستەوە
ئەو وشە و شێعرانەی کە لە وەرزی تاڵی ژیندا
بە زەردەخەنەی ئەوینەوە چاندت
باڵایان کردووە وەک ئاویەر
ببوونە هۆی ڕاپەڕینی کیژ و لاوان
بە پێکەنینەو بۆ خەبات
ببوونە هاواری دەم دایک و باوکان
بۆ ڕزگاری لە چوار وڵات ...
هەستە مامە
لە سەر بڕیارت
چەپکێ تیشک بدزەو
ئەمجارە بیکە بە شێعر
ئاواتەکانت تێدا بکە بە گڕ و هەڵمەت
بۆ تۆڵەی بێ وڵاتی و بێ ئازادی
لە بەر بەیانێکی ڕێبەنداندا
لە سەر شاپەڕی خۆری زەردە پەڕ
لە بناری ئاویەردا
ژوانی کوردەواری بچنەو
پەری شێعرێک باڵەوازە بکە
کە وشەی پیرۆزی سەربەستی بچریکێنێ
بە فەرمانێک ،
ڕیشەی دار و پەتی گەردنی
ئێعدامیە بێ تاوانەکان لە بن بێنێ
شێعری یاخی ،
بکە بە هۆرەو سیاچەمانەی تفەنگ
بیدە دەستی لاوانی ئەم شارە هەتا
کوودەتایان وە بیر بێنێ
بەرەو ڕووی یاسای ڕەشی نەنگ...
هەستە مامە ،
بە پێشمان کەوە و بڕۆ
ڕێگای سەرکەوتنی ئێمە
زۆر دژوارە بە بێ تۆ
بەسەرهاتێک دڵتەزێنە
چەپکە شێعرێ تازە بخوێنە...
دەهەستە،
بە فریامان کەوە مامە دەهەستە
شمشاڵەکەت بکە بە پشت ،
پشتوێنە سێ گرێبەستەکەت
سواری ئەسپە سەرکەشەکەی زەمان ببەو
لێ بخوڕە و بڕۆ ...
دەرفەت نیە
با‌رووده‌ۆخی ئەم وڵاتە ناسازە ڕێ
لوورە و گەمارۆی گورگە و
هەر ڕۆژ ڕێگا لێڵ تر دەبێ
ئاسمان تاپۆی بوومەلێڵە
دەست بەر مەدە لە قافڵەو کاروان ئەم خێڵە...

ک.د.ئازاد:

" ئاگاداری"

هاورێم جەلال،
هێشتا زووە!
لە بەرهەمی،
ئەو باخەی پێشتر ناشتووتە
هێشتا هیچت نەچێشتووە!
خۆڕاگر بە!
بە مردن بڵێ ڕاوەستە!
داری چل ساڵەی خەباتت
چرۆی تازەی دەرکردووە!
هاکا سبەی
لە مەیدانی گەورەی سنە
لە چوارچراکەی مەهاباد
لە دوندی بەرزی تەرەغە
لە هەر چوار پارچەی نیشتمان؛
دەنگی شێعرت،
ببێ بە نەغمەی دڵشادی
لەسەر بانی
گش ماڵی کورد
بشەکێ ئاڵای ئازادی!

فەرید ڕاژین:
((نامەیەک لە وشەدیلەکانەوە،بۆ جەلال مەلەکشا))

ماموستاکەم،
تۆ هەتاوی ئاسمانی شێعری جوانی ئەم گەلەی
هەستە،
وشەدیلەکان چاوەڕوانن لە شێعرێکدا زەنجیرەکەیان بچڕی و
باڵیان پێ بدەی
تۆ بڵێنت بردە سەر، پەیمانەکەت نەشکاند
چەپکێ تیشکت لە خۆر سەند و دات لە پرچی شەوەزەنگ
ئێستا هەموو لاوانی ئەم وڵاتە، ئەو شێعرانەیان لە شانە کە
کردت بە تفەنگ
کەی دەتوانێ ڕابوەستێ ڕووباری نائارام و پڕ لە خرۆش؟
هەستە،
هەستە ئەسپە سەرشێتەکەی زەمان دەستەمۆ کە
نامەی ئاشتی وڵاتە زامدارەکەت بۆمێژوو ببە
قەندیل بوو بە پاپۆر و نیشتمان ئامێزی کردووە بە لەنگەرت
تا خەمەکانت لە باوەشیا بتوێتەوە
بڕیار وابوو کە بەهار هات، شێعری تازە بهۆنیتەو بۆ کوردستان
پێنووسەکان بۆیە خێرا، بە شانازی لە بەر دەمتا ڕاوستان
تۆ دارێکی باڵابەرزی
سەرت بۆ چی دارکونکەری دنیا، دانانوێنێ
تەنافی شۆڕی قانوون قەت ناتوانێ شێعرەکانت بخنکێنێ
چۆنکە دایان لە شەقەی باڵ و دڵی هەموو کوردیکیان کردە
هێلانە
هەستە،
تەشیە کۆنەکە لە کاروان بسێنە و، ڕێگەی تازە نیشانیان بە
ئەتۆ قارەمانی قەڵەمی هەموو لاوێکی کوردی
هەستە با دارەپیرە بێ باڵندە نەبێ
هەستە ماموستاگیان
هەستە.

هاوار

پیرەدارم هۆ پیرەدار
هۆ سێبەری چینی هەژار
بۆ کوێ دەرۆی بە جێ دێڵی ئەم کاروانە
ئەم کاروانەی کە ڕاوێژت بۆ دەکردی....
هێندە دڵسۆزی کاروانت بووی
بۆی دەمردی...
تۆ سەرکاروان،
ئێمەش هەموو کاروانچی تۆ...
تۆ پیرە دار
ئێمەش هەموو خونچە و چرۆ....
دەیان پوازیان تیژەو کرد
ئەنجنت کەن بوقلیچێنن...
لە عەرزت دەن ،
ئاوات خۆیان بەدی بێنن...
بەڵام چون تۆ بنەت لە نێو شەختە و پتەی خاک کوتا بوو
نەیانتوانی
نەیانتوانی بۆژاکێنن..
ئاوات خۆیان بەدی بێنن
گەڵای هیوات بوەرێنن...
ئەوە من چووم
ڕێبازی خوێنم گرتە بەر
سنوورکانم تێپەڕان.....
بۆ تۆم هێنا
نیشتمانی لەت لەت کراوی کوردستان....
گەر تۆ نەبیت
لەتە لەتە بیدوورێنیت
ئاواتی خۆت ،
ئاواتی من ،
ئاواتی گەل ، بەدی بێنیت
بیبەم بۆ کوێ
بیدەم بە کێ
کێ تر هەیە وەک تۆ دڵسۆز
کێ تر هەیە خەمخۆری هۆز

کولسووم عوسمانپوور

بە جێمان مەهێڵە کاکە
هێشتا تەرمی "ئارتینمان" نەدۆزراوەتۆ
زرەی دێ زنجیری وشە
چۆن چرۆ کەم بێ پیرەدار
جەلالی سنە و ئاویەر
کاروانچی گیان
چۆن بڕ بکەم؟
ئەم ڕێگا مین ڕێژ کراوە
نیشتمان گیان
چ پڕبەهایە خاکی تۆ
هەردەم گەوهەرێکی تازەت لێ
دەچێنن

ڕەنجاو

ماموستاجەلال کوردی کۆڵنەدەر
شایانی ڕێزی وەکوتاجی سەر
هونراوە کانت تیشکی هەتاوە
جوان وڕازاوە لەکەل دێتەدەر
دەرمانی دەردو ڕچە شکێنە
بو ڕزگاریە لە ڕێگای خەتەر
فەقیر نەوازو هەژار لاوێنە
چەوسێنەری پێ ئەبێ دەربەدەر
وشەی هەڵبەستت لە بو داهاتو
گەنجان ولاوان ئەکات باخەبەر
لەخەوراپەڕە کاتی مەرگ نیە
ناحەزکانت قوریان چێت بەسەر
شۆڕەسوارەکەی مەیدانی خەبات
باخە نامێک تازە بێنە بەر
ڕێگەو ڕێبازت درێژەی هەیە
سۆێندئەخۆم گیانە بەخوای دادگەر

# KURDISTAN

Published by *Democratic Party of Iranian Kurdistan* ▪ *No : 786* ▪ *5 November 2020*

ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com

http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr

telegram.me/PDKImedia


# من نامرم، لەوپەڕی مەرگیشەوە هەر دێمەوە

